نەوژین

ژمارە (٣٨) کانونی دوەمی ٢٠٢٠

مانگنامەیەکی تایبەتە بە پرسەکانی ژنان، رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED ئەمریکی لەگەڕمیان دەریدەکات

مامۆستایەک دیواری قوتابخانەکەی دەنەخشێنێت «« 6

بۆیەکەمجار لەپۆلیسی گەرمیان ژنێک پۆستی پێدەدرێت «« 2

لە ئیدارەی گەرمیان ڕێژەی جیابونەوە (28%)ـە «« 3

لەفەیسبوکەوە خواردنی کوردەواریی داوا بکە «« 5

وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ (نەوژین):

ژنانی گەرمیان ئازا و چالاک و خەباتگێڕن

■ نەوژین

وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان، کۆیستان محەمەد، لە دیدارێکی (نەوژین) دا باس لە ئەزموونی کاری خۆی دەکات و دەڵێت: هێشتا زوە بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانیان لە وەزارەت، لەبارەی ژنانی گەرمیانیشەوە دەڵێت: ئازا و چالاک و خەباتگێڕن.

ئەو پێیوایە ڕێژەی ژنان لەناو کایەی سیاسی دا لە هەرێمی کوردستان ڕوی لە زۆربوون کردوە، ئەمەیش دەگەڕێنێتەوە بۆ «کرانەوە و هۆشیاربونەوەی کۆمەڵگە». پێشنیازیشی بۆ ژنان ئەوەیە کە لەکاتێکدا دێنە ناو کاری سیاسییەوە پشو درێژ بن «پێشنیارم بۆ ژنان ئەوەیە لەکاتی هاتنیان بۆ ناو کایەی سیاسی پشو درێژ بن و ئازادانە ڕوبەڕوی هەمو ئالەنگاریەکان ببنەوە».

وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم، دڵخۆشە بە چالاکبونی ژنانی گەرمیان لە بواری سیاسەت دا، لەوبارەوە دەڵێت: ژنانی گەرمیان لەپێش ڕاپەڕین ژنانی ئازا و چالاک و خەباتگێڕ و شەهید و بریندار و ئەنفال بون، لەدوای ڕاپەڕینیشەوە زۆرن ئەو ژنانەی کە لەنێو کایەی سیاسەتدان.

(کۆیستان محەمەد) کە پێشتر پارلەمانتار بوە لە پارلەمانی کوردستان لە لیستەکانی یەکێتی نیشتمانی و پاشان بزوتنەوەی گۆڕان و ئێستاش هەر لەسەر لیستی بزوتنەوەی گۆڕان پۆستی ئەو وەزارەتەی وەرگرتوە.

لەبارەی دەستکەوت و کارەکانیشەیەوە بەتایبەتی لە دواین پۆستی دا لە وێستگانە دەخاتەڕو کە بەلای خۆیەوە گرنگن، هەروەک باس لە تێڕوانین و بۆچونەکانیشی دەکات، لەگەڵ یادهێنانەوەی ئەو کەسانەی کە پێیان کاریگەر بوە.

وەزیری کار، دەڵێت: «لەکاری سیاسی و پارلەمانیدا لەگەڵ هاوڕێ و هاوکارەکانم دەیان پرۆژەمان جێبەجێ کردوە، لەکاری وەزارەتیش دا هێشتا زۆر زوە بۆ پرۆژەکانمان».

ژنێک دەبێتە سەرۆکی فەرمانگەی داواکاریی گشتی گەرمیان

■ نەوژین

بۆیەکەمجار لە مێژوی گەرمیان دا، ژنێک دەبێتە سەرۆکی فەرمانگەی داواکاری گشتی لە سنورەکە.

پاش گۆڕینی سەرۆکی پێشوی فەرمانگەی داواکاریی گشتی گەرمیان، لەئێستادا دەستەی داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان، ژنێکی بۆ بەڕێوبردنی فەرمانگەی داواکاری گشتی گەرمیان دەستنیشان کردوە.

ئنتسار فازڵ، ئەو ژنە داوەرەیە کە بوەتە سەرۆکی فەرمانگەی داواکاری گشتی لە گەرمیان و بە فەرمی دەستبەکار بوە لەو پۆستە.

ناوبراو لە لێدوانێکدا بۆ (نەوژین)، جەختی لە زانیارییەکە کردەوە و ڕایگەیاند: «بۆ ماوەی زیاتر لە دو مانگە وەک سەرۆکی فەرمانگەی داواکاری گشتی لە گەرمیان دەستبەکار بوم».

ناوبراو ئاماژەی بەوەکرد کە دانیشتوی قەزای خانەقینە و بەکالۆریۆسی لە یاسادا هەیە و ماوەی ٨ ساڵە ئەندامە لە فەرمانگەی داواکاری گشتی.

ئەمە دەبێتە یەکەمجار کە ژنێک لە گەرمیان پۆستێک لە کەرتی یاسا و دادوەریی دا وەردەگرێت و ئەم ئەکەرتە یەکێکە لەو بوارانەی کە ژمارەی ژن بەتایبەت لە پۆستەکانی دا زۆر کەم و سنورداراە.

ژنانی گەرمیان دەچنە سەرکردایەتی یەکێتییەوە

■ نەوژین

بۆیەکەمجار لەمێژوی ئەو حزبەدا، ٢ ژن لە گەرمیانەوە دەبنە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی نیشتمانی دا کە مانگی ڕابردو لە شاری سلێمانی گرێدرا، لەبازنەی سەرکردایەتی گەرمیان ٢ ژن هەڵبژێردران، کە (تابان شێخ عەبدوڵلا و شیرین شێخ حسێن) بون. هەڵبژاردنی ئەم ٢ ژنە لە کۆی ٦ کورسی سەرکردایەتی بو کە بۆ بازنەی دەڤەری گەرمیان دانرابون و چوار کورسیەکەی تر پیاوان بەدەستیانهێنا و بریتی بون لە: (نەوشیروان ئەحمەد، عەدنانی حەمەی مینا، محەمەد حاجی فایەق و میقداد شێخ بەهادین).

لەلاپەڕە (٤) دا ڕاپۆرتێک لەمبارەیەوە بخوێنەرەوە.

یاریدەدەری بەڕێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤ لە گەرمیان:

ڕەوشی ژنان باشتر بوە، بەڵام نەگەشتوەتە قۆناغێکی پێشکەوتو

■ نەوژین، ڕێناس سالّح

یاریدەدەری بەڕێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤ لە گەرمیان، جەخت دەکاتەوە کە ڕەوشی ژنان بەڕەوپێشچونی بەخۆیەوە دیوە، بەڵام نەگەشتوە بە قۆناغێکی تەواو پێشکەوتو لە بەدەستهێنانی مافەکانیاندا. ماوکات لەسەر ڕوداوی کوژرانی ژنێک لە قەزای کفری لە سالّی ڕابردو دەوستێت.

لە دیدارێکی تایبەتی رادیۆی دەنگ سەبارەت بە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە سالّی ٢٠١٩ لە گەرمیان، بەشێکی دیدارەکە تایبەت کرابو بە قسەکردن لەسەر مافەکانی ژنان لەو سالّەدا کە تێیدا لەسەر چەند خاڵێکی ئەو پرسەدا لەگەڵ (حەیدەر فازڵ)، یاریدەدەری بەڕێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان خرایە بەر گفتوگۆ.

لەئێستادا قسەیەک هەیە دەوترێت ژنان لە گەرمیان قۆناغێکی باشیان لە بەدەست هێنانی مافەکانیان بڕیوە، لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە دەتوانرێت بوترێت ژنان لێرە لە قۆناغی گەیشتن بە مافەکانیان و ئێستا بە ئازادی دەتوانن داوای مافەکانیان بکەن و بەدەستی بهێنن؟

حەیدەر فازڵ، یاریدەدەری بەڕێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤ لە گەرمیان وتی: «بەڵێ ڕاستە ژنانی گەرمیان ئێستا چاوکراوەترین بۆ داواکردنی مافەکانیان، هەروەها ڕوبەڕوبونەوەی ئەوانەی تووندوتیژیان بەرامبەر دەکەن، بەڵام هێشتا زۆر کێشە هەیە لەناو خێزانەکان کپ دەکرێت».

لە درێژەی قسەکانیدا یاریدەدەرەکەی بەڕێوبەری مافی مرۆڤی گەرمیان، باسی لە کەیسێک کرد کە ئافرەتەکە لەسەر مافی خۆی سکاڵای تۆمارکردوە، بەڵام هاوسەرەکەی بەوهۆیەوە داوای جیابونەی کردوە، بەوەی کە عەیبەیە و شکۆی شکاوە، سەرەنجام جیابونەتەوە «کەواتە هێشتا ژنان لە ئالەنگاریی دان بۆ بەدەست هێنای مافەکانیان و ڕوبەڕوبونەوەشیان بەردەوامی هەیە».

تاوەکو کۆتا مانگی سالّی ڕابردو هیچ حالّەتێکی کوشتنی ژنان تۆمار نەکرا، بەڵام بە دیاریکراوی لە بەرواری (٢٠١٩/١٢/٩)، لە قەزای کفری ژنێک کوژرا، ئەمە لە کاتێکدا بو پێشتر ئەو ژنە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی پەنای بردبوە بەر لایەنە پەیوەندیدارەکان و نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیانیش یەکێک بو لەو دەزگایانەی کە چاودێربوە لە کێشەکە و تێیدا بەدواداچونی کردوە.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە: ئاخۆ ئەمە نابێتە هۆکار بۆ ئەوەی ژنان کاتێک کێشەیەک ڕوبەڕویان دەبێتەوە متمانەیان نەبێت بە دەزگاکان بۆ چارەسەر کردنی کێشەکەیان؟

حەیدەر فازڵ، بەمشێوەیە باسی لە کێشەکە و چۆنیەتی بەدواداچونی نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیانی کرد لەوبارەوە: «پێش نزیکەی دو مانگ ئێمە لە نزیکەوە چاودێری ئەو کێشەمان کرد، ئەو ئافرەتە کێشەکەی کەوتبوە شەڵتەڕەکان، لە نزیکەوە لیژنەی ئێمە قسەی لەگەڵ کردبو، هەروەها ئەو کەسەی کە دەیوست هاوسەرگیری لەگەڵ بکات، لەسەر سکاڵای ئەو ئافرەتە زیندانی کرابو لە گرتن و گواستنەوەی گەرمیان، ئەو کورە حالّەتێکی دەرونی باشی نەبو، دەترسا لەوەی بکوژرێت، دەیوت من ئامادەم هاوسەرگیری بکەم لەگەڵ ئەم ئافرەتە، بەڵام لە دەرەوەی کفری بژین، لایەنی مادیشی وەکپێویست نەبو، هەر بۆیە ڕێکەوتن لە کەلار دابنیشن، کێشەکە لەو ڕووەوە چارەسەر کرا، بەڵام کەچی دواتر ئەو ڕوداوە ڕویدا کە چونەوە بۆ کفری بۆ هەندێک مامەڵەی یاسایی، لەوێ هەم ئافرەتەکە و ئەو کەسەشی کە بڕیاری هاوسەرگیریاندابو، پێکەوە کوژران».

حەیدەر فازڵ، وتیشی: «ئەمە لە کاتێکدایە ئەو کێشەیە بەیاسایی دەتوانرا چارەسەر بکرێت، ئەگەریش مەبەستیان دینی و شەرع بوە، ئەوە هیچ شەرعێک ڕێگە بەکوشتنی لەو شێوەیە نادات، چونکە کوشتن بەهەمو پێوەرێک ڕێگە پێنەدراوە».

ئەم کەیسە تەنها بە کوشتنی دوکەس تەواو نەبوە، بەڵکو داڕوخانی دو خێزانیشی بەدواداهات، چونکە ژنەکە دو منداڵی هەبو لە مێردی پێشوی ئێستا بێناز کەوتن هاوکات بکوژەکەش خاوەن منداڵ و خێزانە.

یەکێک لەو گرفتانەی بۆ ژنانی هەڕەشەلێکرا دێتە پێش، ئەوەیە کە تاوەکو ئێستا لە گەرمیان شەڵتەڕێکی هەمیشەی نیە بۆ دادّەدانیان و پاراستنی ژیانیان، بەشێوەیەک لە ئازادی هەڵبژێرن و بڕیار لەسەر ژیانی خۆیان بدەن.

گەرمیان یەک شەڵتەری دادّەدانی ئافرەتانی هەیە کە ئەویش کاتیە و بۆ ماوەی ٧٢ کاتژمێر ئافرەتەکە دەتوانرێت تێیدا بمێنێتەوە، ئەگەر کێشەکەی چارەسەر نەکرا ئەوا دەبرێتە شەڵتەرەکانی سلێمانی.

یاریدەدەری بەڕێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان، وتی: «ئەو شەڵتەرەی هەیە بۆ مانەوەی ئافرەت لە گەرمیان خۆی گرفتێکی زۆری هەیە، لەبەرئەوەی ٧٢ کاتژمێر بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی هەڕەشە ئامێز یان ئەو حالّەتانەی کە پێویستیان بە شەڵتەرە زۆر کەمە، چونکە تەنها لە تەبلیغێکی یاسایی ڕەنگە دو بۆ سێ ڕۆژی پێویست بێت، ئەمەش بۆخۆی بوەتە هۆکار بۆ ئالّۆزی کاری ئەو دەزگایانەی پەیوەستن بەم پرسانەوە».

یەکێک لەو گرفتانەی دێتە پێش لەم پرسەدا ئەوەیە کە دەبێت هێزی ئەمنی لەگەڵ ئەو ژنانە بچنە سلێمانی دواتریش بۆ هەر دانیشتنێکی دادگا دەبێت ئەم ژنە لە سلێمانیەوە بەو ڕێگایە بهێنرێتەوە بۆ گەرمیان، پرسیار ئەوەیە: نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان چیان کردوە بۆ پرسیکردنەوەی شەڵتەرێکی هەمیشەیی لەگەرمیان؟

حەیدەر فازڵ، ئاماژەی بەوەکرد کە شەڵتەرەکان بە پێی یاسا لە سەر وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتین، ئەوان سەرپەرشتی دەکەن.

وتیشی: داوامان کردوە سەنتەرێکی هەمیشەی بکرێتەوە و بینای تایبەت بە خۆیان هەبێت کارمەندی تایبەتمەندی بە بواری کێشەکانی تێدا بێت، بۆ ئەوەی ئاسانتر کێشەکان بگاتە چارەسەر.

بۆ سالّی ٢٠١٩ بەڕێوبەرایەتیەکانی تووندوتیژی ئاماری فەرمی خۆیان ڕانەگەیاند، بەڵام بە پێی ئەو بەدادواچونانەی نوسینگەی مافی مرۆڤ بۆ کێشەو گرفتەکان کردبێتی، لە شەڵتەری دادّەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو لە گەرمیان سەروی ٥٠ کەیسی تووندوتیژی چونەتە ئەو شەڵتەرە.

حەیدەر فازڵ، وتیشی: «لەو ئامارەش نزیکەی ١٠ کەیسیان نێردراونەتە شەڵتەری هەمیشەیی سلێمانی».

بۆیەکەمجار لەپۆلیسی گەرمیان ژنێک پۆستی پێدەدرێت

■ نەوژین، زریان محەمەد

بۆیەکەمجار ژنان لە پۆلیسی گەرمیان پۆستێک وەردەگرن، پاش ئەوەی پۆستی لێپرسراوی بەشی «پۆلیسی کۆمەڵگەیی» لە بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان بە ژنێک دەدرێت.

عەمید (لەمیعە محەمەد)، بەڕێوبەری بەشی پۆلیسی کۆمەڵگەیی لە بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان، بۆ (نەوژین) وتی: لە ئێستادا پۆستی بەڕێوبەری بەشی پۆلیسی کۆمەڵگەیم لە بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان وەرگرتوە، کە کاردەکات بۆ لێکنزیکردنەوەی پۆلیس و هاوڵاتی، بە ئاراستەی دروستکردنی پەیوەندی زیاتر و هەمانگی باشتر.

وتیشی: «هۆکاری ئەوەی کە دەستنیشان کرام بۆ پۆستی بەڕێوبەری بەشە ئەوە بو کە ئەزمونی کارکردنی پێشترم بو لە بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی تووندوتیژی خێزانی و ئەزمونم هەبو لە دروستکردنی پەیوەندی و چارەسەرکردنی کێشەکان».

> بەهۆی ئەزمونی پێشوترمەوە بۆ ئەم پۆستە دەستنیشانکرام

عەمید لەمیعە محەمەد، پێشتر بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی تووندوتیژی خێزانی بو لە گەرمیان.

لەبارەی ئیشوکار و ئامانجی بەشی پۆلیسی کۆمەڵگەییەوە، عەمید (لەمیعە محەمەد) وتی: ئامانجی ئەم بەشە دروستکردنی پەیوەندیە لە نێوان هاوڵاتی و پۆلیسدا بەمەبەستی کەمکردنەوەی تاوان و بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە دابینکردنی ئارامی و باشتر تێگەیشتنیانە لەئەرکەکانی پۆلیس و هەوڵەکانیان بۆ پاراستنی هاوڵاتیان.

هەر لەگەڵ دەستبەکاربونیشی دا، عەمید (لەمیعە محەمەد) زنجیرەیەک کۆڕ و سیمیناری ڕێکخست و کۆبونەوەی لەگەڵ دەزگا جیاوازەکان ئەنجامدا، لەوبارەوە ئاماژەی دا کە دەیانەوێت ئەرک و کاری بەشەکەیان بە لایەنە جیاوازەکان بناسێنن، کە بە پلەی یەک بریتییە لە ڕونکردنەوەی ئەرکی پۆلیس لە کۆمەڵگەدا و هەروەها باسکردنی ئەو ڕێگایانەی کە دەتوانرێت پۆلیس بە هاوکاری هاوڵاتیان بیگرنەبەر بۆ باشترکردنی کاروبارەکان و کەمکردنەوەی تاوانە جۆراوجۆرەکان.

بینینی منالْ..
کێشە گەورەکەی ژن و پیاو دوای جیابونەوە

■ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

ئەوەی زیاتر لە هەر شتێک (هێرۆ)ی لە دوای جیابونەوەی لە هاوسەرەکەی نیگەران کردوە، نەبینینەوەی منالّەکەیەتی، ئەو وا سالّێک دەبێت کە بێبەشکراوە لە بینینی منالّەکەی.

کێشەکەی (هێرۆ) کێشەی بەشێکی بەرچاوی هاوسەرانە کە دوای جیابونەوە روبەڕوی دەبنەوە، بەتایبەتیش ئەم کێشەیە روبەڕوی ژنان دەبێتەوە زیاتر لە پیاوان.

ژنان باس لەوەدەکەن زۆرجار لەلایەن هاوسەرەکانی پێشویانەوە بێبەش دەکرێن لە بینینی منالّەکانیان، ئەمەش بە پاساو و هۆکاری جۆراوجۆر.

هێرۆ، ناوی خوازراوی ژنێکی تەمەن ٣٠ ساڵە، خاوەنی دو منالّە (کوڕ و کچێک)، ماوەی ساڵێکە لە مێردەکەی جیابوەتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی ٩ ساڵ پێکەوە ژیانیان گوزەراندوە.

ئەو وا نزیکەی ساڵێکە لە بینینی منالّەکانی بێبەش بوە، ئەگەرچی ٧ دانیشتنی دادگای دیوە، بەڵام تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە منالّەکانی وەربگرێت یاخود بیانبینێت.

«ئەگەر ئیشێکم هەبوایە بژێوی ژیانی خۆم و منالّەکانم دابین دەکرد، ئەوکات یاساش منالّەکانی تا تەمەنی ١٨ ساڵ پێدەدام، بەڵام نەبونی سەرچاوەی داهات، وایلێکردوم نەتوانم منالّەکانم وەرگرم و ئەمەش وایکردوە هەر نەشتوانم بیانبینم». (هێرۆ) وای وت.

ئەگەر (هێرۆ) هۆکاری نەبینینی منالّەکانی هاوسەری پێشوی بێت کە رێگەی نادات، ئەوا لای (سروە) هۆکاری نەبینینی منالّەکانی جیاوازترە، ئەو خێزانەکەی خۆی رێگری ئەم کارەی لێدەکەن.

ئەو کە ناوەکەی خوازراوە و ٢٥ ساڵ تەمەنێتی، دوای ١٠ ساڵ ژیان کردن لە هاوسەرەکەی جیابوەتەوە و خاوەنی منداڵێکن، پاش جیابونەوەش منالّەکەی لای باوکێتی.

ئەو حەسرەت قورگی گرتبو، بە داخەوە لەوە دەدوا ٥ مانگە تاقانەکەی نەدیوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە براکەی ناڕازیە. وتی: ماوەی ٥ مانگە منالّەکەم نەدیوە، هاوسەری پێشوم کێشەی نییە لە بینینی منالّەکەم، بەڵام براکەم ناهێڵێت، دەڵێت: دەبێت هەمو شتێک کۆتایی پێ بهێنیت.

ئەم گرفتە ئەگەرچی زیاتر ژنان روبەڕوی دەبنەوە، بەڵام حالّەتی ئەوتۆش هەیە کە باوکان لە بینینی منالّەکانیان بێبەش دەکرێن.

عەباس، ناوی خوازراوی پیاوێکی تەمەن ٣٢ ساڵە، ئەو خاوەنی ٣ منالّە، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «خێزانم لێم جیابوەتەوە، خانویەکم کردوە بە ناویانەوە بۆ ئەوەی لەناویدا بژین، منیش لە خانویەکی ترم، هەرچەند هەوڵ دەدەم، هاوسەری پێشوم رێگە نادات منالّەکانم ببینم».

رەنگە زیاتر لە دایکان و باوکان، ئەم حالّەتە زیان بە منالّەکان بگەیەنێت و ئەوان تامەزرۆی بینینی دایبابیان بن و لە روەشەوە باج بدەن.

هێرۆ، باس لەوەدەکات کە پێی گەیشتوەتەوە کچەکەی چەند بیری ئەو دەکات، بەڵام لە ترسی باوکی یان باوەژنەکەی، ناوێرێت بیدرکێنێت.

ئەو دۆخەی کە بەم هۆیەوە بۆ منالّان دروست دەبێت، بەرای توێژەرێکی دەروونی، کاریگەریی خراپ لەسەر دەرون و کەسایەتی منالّەکان جێدەهێڵێت.

چۆمان ئەحمەد، توێژەری دەروونی، بۆ (نەوژین) وتی: دایکان و باوکان کە جیا دەبنەوە پێش ئەوەی خۆیان قوربانی بن منالّەکانیان دەبنە قوربانی.

ئەو توێژەرە زیاتر رونیکردەوە «کارێکی نەگونجاوە دایکان و باوکان بەهۆی ئەو رقەی بەرامبەر بە یەکتری دروستی دەکەن، رێگە نادەن منالّەکانییان یەکتر ببینن».

ئەوەی مایەی تێبینیە کە دایکان و باوکان لەکاتێکدا پەنا بۆ ئەم حالّەتە دەبەن، کە بەپێی یاسا ماف بە هەردوکیان دراوە بۆ بینینی منالّەکان. دڵشاد محەمەد، پارێزەر، لەمبارەیەوە رونکردنەوەی بۆ (نەوژین) خستەڕو «بەپێی یاسای باری کەسێتی هەموارکراو، بڕگە ١ لەمادەی ٥٧، هاتوە: (دایک و باوک کاتێک لەیەکتر جیادەبنەوە دەتوانن هەفتانە بۆماوەی ٢٤ کاتژمێر منالّەکانییان ببینن)».

وتیشی: «ئەگەر پێچەوانەی یاساکان بجوڵێنەوە، ئەوا بۆ ماوەی مانگێک دایەنی لەو کەسە دەسەنرێتەوە و دەدرێت بە کەسی بەرامبەر».

بێدەنگیی کردن لە ئاست ئاماژە ترسناکەکانی جیابونەوە

■ بێستون ژاڵەیی

لە هەرێمی کوردستان لە هەر ٤ پرۆسەی هاوسەرگیری یەکێکیان بە جیابونەوە کۆتایی دێت و لە پارێزگای سلێمانیش لەهەر ٣ پرۆسەی هاوسەرگیرییەک یەکێکیان بە جیابونەوە کۆتایی دێت.

بەڕێوەبەرایەتیی پلان و ئاماری ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان ئاماری مامەڵەی ئەنجامدراوی دادگاکانی بۆ ساڵی ٢٠١٩ بڵاوکردەوە، لە کۆی (٣٢ هەزار و ٤٣٢) پرۆسەی هاوسەرگیری، (٨ هەزارو ٣٨١) پرۆسەیان بە جیابونەوە کۆتاییان هاتوە بەرێژەی (٨ ,٢٥٪)، بەمشێوەیە:

* پارێزگای هەولێر: لە (١١ هەزارو ١٤٤) پرۆسەی هاوسەرگیری، (٣ هەزار و ١١٥) پرۆسەیان بە جیابونەوە کۆتایی دێت بە رێژەی (٢٨٪).
* پارێزگای سلێمانی لە (١١ هەزارو ٣٣) پرۆسەی هاوسەرگیری، (٣ هەزارو ٤٤٨) پرۆسەیان بە جیابونەوە کۆتایی دێت بە رێژەی (٣ ,٣١٪).
* پارێزگای دهۆک لە (٨ هەزارو ٣٢٢) پرۆسەی هاوسەرگیری، (هەزار و ١٢٩) پرۆسەیان بە جیابونەوە کۆتایی دێت بە رێژەی (٦ ,١٣٪).
* ئیدارەی گەرمیان لە (هەزارو ٩٣٣) پرۆسەی هاوسەرگیری، (٦٨٩) پرۆسەیان بە جیابونەوە کۆتایی دێت بەرێژەی (٢٨٪).

من نەمبینی یەک تەلەفزیۆن، یەک بەرنامە، یەک سەکۆ، یەک توێژەر، یەک فەیلەسوف و نوسەر و بیریار! یەک چالاکوان، یەک فەیسبوکچی، یەک مینبەر، یەک رۆژنامەنوسی بلیمەتی کورد، یەک ناوەندی توێژینەوە و بیرکردنەوە، قسەیەک لەسەر ئاماژەکانی ئەم داتا تۆقێنەرانە بکات!

باشە ئەو کچ وکوڕانە بۆ بەیەکەوە هەڵناکەن؟ ئەو هەمو تەڵاق و رق و یەک لێ بێزرانە چیە؟ ئەو گەنجانە بۆ تا دەگەنە یەک هەزار دەست ماچ ئەکەن و هەر دوای ئەوەش بەپەلە یەکتر جێ دێڵن؟

ئەرێ ئەم داتایانە هی ئەوە نیە کۆی دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئاینی و مەدەنی و میدیاییەکانی کۆمەڵگای ئێمە لەبەردەمیاندا بە ئاشکرا وبێ منجەمنج بڵێن ئێمە لە ئیدارەدانی کۆمەڵگا وئیسڵاحی کۆمەڵایەتیدا تا تەوقی سەرمان چەقین و فەشەلمان هێنا؟!

> لە ئیدارەی گەرمیان رێژەی جیابونەوە (٢٨٪)ـە

> کەی ئەم کۆمەڵگایە شۆک دەبێ و رادەچڵەکێ؟

ئیتر کورد ئەم هەمو کەناڵە پاتاڵەی بۆ چیە کە پڕە لە عەنتەرەی گیڤ و عەنات زلی بێ بەهرە و نەخوێندەوار کە ئینسان تەریق دەبێتەوە لەتەماشاکردنی!

کەی ئەو هەمو کەناڵە علوجە و شەیتانەکانی پشتیان تێدەکەن بە هەرچی ژەهر کە دەرخواردی وەرگری کوردیان داوە کۆمەڵگایان بەم هەڵدێرەی هەڵوەشانەوە وترازان و داغان بون گەیاندوە!

کەی هێزە سیاسیەکانی ئێمە و ئەم سیاسیە بێ ئەخلاق و دزانە تێدەگەن بەم هەمو گەندەڵی وچەلەحانێ و چەڵتەچەڵت و ئاڵۆش و هەوەسبازی و تەماعەیان ئەم کۆمەڵگایەیان هەڵوەشاندەوە و کوشتیان؟

کەی ئەوانەی لەپشتی پەردەوە و فێرکردنەوەن، لێرە حالّی ئەبن کە خەریکی چی خراپەکاریەکن؟!

کەی مەلا و مزگەوت و ئەهلی پەردە و بانگەوازی دینیش تێدەگەن کە ئەوانیش وەک شێتی ناو پەندە چینیەکە هەمو رۆژێ هەمان کاری دوێنێیان ئەکەن، بەڵام ئەنجامی جیاوازیان دەوێ!

کەی ئەم کۆمەڵگایە شۆک دەبێ و رادەچڵەکێ و خۆی لەم حالّە خراپەی خۆیدا دەبینێ؟ ئەو کاتەی کە هەمو حالّەتێکی هاوسەرگیری بە جیابونەوە کۆتایی دێ و هەردو هاوسەرە جیابوەکەش دەبنە تلیاکی و بەدەم سەمای مەرگی خۆیان و کۆتایی کۆمەڵگاکەوە گۆرانی بۆ یەکتر دەڵێن؟! ئەمە چ بەدبەختیەکە؟!

کوێستان محەمەد... 34 ساڵ لەناو سیاسەت دا

> کەموکورتیم هەبوە، بەڵام خەڵک بڕیاری لەسەر دەدات

> رێژەی ژنان لەناو کایەی سیاسی دا روی لەزۆر بون کردوە

■ نەوژین، خۆشبین جەلال

کوێستان محەمەد، کە ئێستا وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، لە دیارترین ئەو ژنانەیە کە لە کایەی سیاسی دا لەم ١٠ ساڵەی دواییدا رۆڵیان هەبوە، ئەگەرچی کارکردنی ئەو لەو بوارەدا بۆ پێشتر دەگەڕێتەوە.

ئەو لە ساڵی ١٩٦٥ لە گەڕەکی (کانی ئاسکان)ی شاری سلێمانی لەدایک بوە، هەر لەسلێمانی دادەنیشێت و هاوسەرگیری کردوە و دو منالّی هەیە. ئەگەرچی خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە ماتماتیک، بەڵام زۆرتر کاری لە سیاسەت دا کردوە و وەکخۆی دەڵێت ئەزمونی ٣٤ ساڵی کارکردنی هەیە لەو بوارەدا.

(نەوژین) لەبارەی ئەزمون و بۆچونەکانی لەسەر بەشداریی ژن لە سیاسەت دا، ئەم دیدارەی لەگەڵ سازدا.

* چۆن تێکەڵ بە کایەی سیاسی بوی؟

من لەخێزانێکی شۆڕشگێڕ و کوردپەروەردا هاتومەتە دنیا و ژیاوم، باوکم لەپەنجاکانی سەدەی رابردو لەکایەی سیاسی کاریکردوە، شەهید رزگاری برایشم لە سەرەتای هەشتا کانی سەدەی رابردوە سیاسەتی کردوە، بۆیە لەوانەوە فێری وانەی نیشتمانپەروەری و کوردایەتی بوم و چومە نێو کایەی سیاسیەوە.

* لەم کایەدا کێ پاڵپشتی کردوی؟

باوک و براکانم لەگەڵ هاوسەرەکەمدا زۆر پاڵپشتم بون، هەروەها (نەوشیروان مستەفا) هەمیشە پاڵپشتی کردوم و رێنیشاندەرم بوە.

* بۆچونێک لە کۆمەڵگای خۆماندا باوە بەوەی ژن و سیاسەت پێکەوەناگونجێن، تاچەند پێتوایە بەپێچەوانەوە ژنان سەرکەوتون لەم بوارەدا؟

ژنان توانیویانە لە کایەی سیاسیدا سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنن و چەندین ژنی دەوشاوەمان هەیە لەم بوارەدا.

*سیاسەت چی بەتۆ بەخشی و چی لێسەندیتەوە؟

سیاسەت زۆر شتی پێبەخشیوم، لەسەرو هەمویانەوە ناسینی خەڵکانێک کە زۆر شتیان لێوە فێربوم، هەروەک زۆر شتی لێسەندومەتەوە، وەک: ئازادی ژیان و نەبونی کات بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی.

* دیارترین ئەو کار و پرۆژانە چین کە بەلای خۆتەوە لە ژیانی سیاسیت دا زۆر دیار و گرنگە؟

لەکاری سیاسی و پەرلەمانیدا لەگەڵ هاوڕێ و هاوکارەکانم دەیان پرۆژەمان جێبەجێ کردوە، لەکاری وەزارەتیش دا هێشتا زۆر زوە بۆ پرۆژەکانمان. لە کاری راگەیاندنی یەکێتی ژنانیش پرۆژەی هەمەلایەنەی بیستراو و بینراو و نوسراومان لەگەڵ هاوکارەکانم جێبەجێ کردوە، دامەزرێنەری یەکەم هێزی پێشمەرگەی ژنان بوم، بەشداریم لەپرۆژەی هەموار یاسای باری کەسێتی و پەسەندکردنی یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی دا کردوە، یەکێکیش بوم لەدەستەی دامەزرینەری بزوتنەوەی گۆڕان.

* تاچەند لەو بڕوایە دایت لە کارکردنت دا جێی متمانەی خەڵکی بوبیت؟

کەموکورتیم هەبوە، بەڵام ئەوە خەڵکی بڕیاری لەسەر دەدات، چونکە ئێمە لەبەرەی خەڵکین و کار و پرۆژەکانمان لەپێش چاوە.

* دەوترێت رێژەی ژنان لە نێو سیاسەت روی لەزیادبون کردوە، ئەگەر وایە هۆکارەکەی چیە؟

بەڵێ رێژەی ژنان لەناو کایەی سیاسی دا روی لەزۆر بون کردوە، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ کرانەوە و هۆشیاربونەوەی کۆمەڵگە.

* سیاسەت لەلای ژنانی گەرمیان چۆن دەبینی و تاچەند ئاگاداری ئەم بابەتەی؟

ژنانی گەرمیان لەپێش راپەڕین ژنانی ئازا و چالاک و خەباتگێڕ و شەهید و بریندار و ئەنفال بون، لەدوای راپەڕینیشەوە زۆرن ئەو ژنانەی کە لەنێو کایەی سیاسەتدان، نمونەیش: (دایکە ئاسکە، وەسیفە بەنی وەیس، پەیام ئەحمەد، گوڵاڵەی گەرمیان، شەیما جەمال) و دواهەمینیشیان (شیرین ئەمین)ە.

* پێتوایە ژنانی کورد لە کارکردنیان دا لە بواری سیاسەت دا دەبێت رەچاوی چی بکەن؟

پێشنیارم بۆ ژنان ئەوەیە لەکاتی هاتنیان بۆ ناو کایەی سیاسی پشو درێژ بن و ئازادانە روبەڕوی هەمو ئالەنگاریەکان ببنەوە.

* چ کەسایەتییەکی سیاسیی کورد یان بیانی سەرسامی کردویت؟

لەسیاسییە پیاوەکاندا بە: (کاک نەوشیروان، غاندی و ماندێلا) سەرسامم، لەسیاسییە ژنەکانیش دا بە: (ئەنگێلا مێرکڵ، لەیلا زانا و مادلین ئۆڵبرایت).

*خەون و ئامانجت چیە لە داهاتودا؟

خەونی زۆر گەورەم هەیە، لەهەموی گرنگتر جێبەجێکردنی پرۆژە هەمەلایەنەکانی رەوانشاد (نەوشیروان مستەفا)یە.

بۆ یەکەمجار ژنانی گەرمیان دەچنە سەرکردایەتی یەکێتی

■ نەوژین

بۆ یەکەمجار ژنانی گەرمیان لە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی دا بونیان دەبێت، ئەمەش دوای ئەوەی ئەو حزبە بە درێژایی تەمەنی هیچ ژنە سەرکردەیەکی گەرمیانی لە ریزەکانی دا نەبوە.

لە کۆنگرەی گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دا کە لە کۆتا مانگی ساڵی ٢٠١٩ لە شاری سلێمانی بەڕێوەچو، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی ئەو حزبە ئەنجام درا، کەبەپێی ئەو سیستەمە نوێیەی حزبەکە گرتویەتییە بەر، سەرکردایەتیەکە لە ١٢١ ئەندام پێکهاتوە کە دابەش بون بەسەر دەڤەرە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچە دابڕێنراوەکان دا.

هەرچی دەڤەری گەرمیانە، ٦ کورسیی لە سەرکردایەتی ئەو حزبە بۆ دەستنیشان کرابو، کە کرابو بە مەرج یەکێک لەو شەش کەسەی کە دەردەچن، ژن بێت، بەڵام ژنان توانییان موفاجەئە دروست بکەن و لەبری یەکێکیان، دو کەسیان بۆ سەرکردایەتی گشتی ئەو حزبە دەرچون و دەنگی پێویستیان بەدەستهێنا.

ئەندامە دەرچوەکانی دەڤەری گەرمیانی یەکێتی بۆ سەرکردایەتی گشتی ئەو حزبە، بریتی بون لە: (نەوشیروان ئەحمەد، عەدنانی حەمەی مینا، تابان شێخ عەبدوڵڵا، محەمەد حاجی فایەق، شیرین شێخ حسێن و میقداد شێخ بەهادین).

ئەو دو ژنەی کە بۆ سەرکردایەتی یەکێتی لەسەر بازنەی گەرمیان دەرچون (تابان شێخ عەبدوڵڵا و شیرین شێخ حسێن) دو لە دیارترین ئەو کادیرە ژنانەی یەکێتین کە لە گەرمیان دا بەرپرسیارێتیان وەرگرتوە، یەکەمیان کە لە خێزانێکی ئەنفالە، لە دوای راپەڕینەوە لە ریزەکانی یەکێتی ژنان دا کاری کردوە، تا گەیشتوەتە پلەی ئەندامی سکرتاریەتی ئەو رێکخراوە، ئەمە جگە لەوەی کە لە حزبیشدا پۆست و بەرپرسیارێتی وەرگرتوە.

هەرچی (شیرین شێخ حسێن)یشە، ئەوا تاکە کارگێڕ مەڵبەندی ژن بوە لە مەڵبەندی ١١ی رێکخستنی گەرمیانی ئەو حزبە، پێشتریش لە ریزەکانی رێکخستنی ئەو حزبەدا کاری کردوە و رۆڵی گێڕاوە.

دەرچونی ئەم دو کادیرە ژنە لەبازنەی گەرمیان، لەکاتێکدایە کە کادیری پێشکەوتو لە ریزبەندیەکانی رێکخستنی حزبەکان بەگشتی لە گەرمیان، زۆر کەم و بگرە دانسقەن، بەشێوەیەک ژمارەی ئەو ژنانەی لە ئەنجومەنی رێکخستنەکانی حزبە جیاوازەکاندا هەن لە گەرمیان، لە باشترین حاڵدا ناگاتە ٢ کەس.

پێشتریش لە دو دیداری جیاوازی رۆژنامەی (نەوژین) دا، هەریەکە لە (تابان شێخ عەبدوڵڵا و شیرین شێخ حسێن)، باسیان لە ئەزمونی خۆیان کردبو، بەتایبەتی ئەو ئالەنگاریی و ئاستەنگانەی کە هاتوەتە بەردەمیان، هەردوکیشیان جەختیان لەوە کردبویەوە کە پێویستە ژنان بە باوەڕبەخۆبونەوە کاربکەن.

ئێستا بونی ژنە کادیری گەرمیانی لە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی دا کە حزبی بالادەستی ئەم دەڤەرەیە، بوە بە راست و فاکت، لەکاتێکدا پێشتر خواست و هیوا بو، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە: بونی ئەم ژنانە لە سەرکردایەتی ئەو حزبەدا، تاچەند کاری حزبیی بە ئاقارێکی دروست دا دەبات و تاچەند دەبێتە هۆی ئەوەی هانی ژنانی گەرمیان بدات لە کاری سیاسی دا بەشداریی و رۆڵی باشتریان هەبێت؟



بڕوانامە یان کار؟

پێوەرەکانی کچان و کوڕان لە هاوسەرگیری دا گۆڕاوە

■ نەوژین، ئالا عادل

(نیان) کاتێک لەگەڵ دڵخوازەکەی دا هاوسەرگیریی کرد، هێشتا خوێندکاری زانکۆ بون، بەئومێدی ئەوەبون دوای زانکۆ دەرفەتی کاریان دەستبکەوێت و بەتایبەتی بتوانن دابمەزرێن، بەڵام هێشتا ئەو ئومێدەیان بەدیی نەهاتوە.

پێشتر کچان و کوڕان لە هاوسەرگیریی دا گرنگییان بە باری دارایی دەدا، بەڵام لەم چەند ساڵەی دوایدا بونی بڕوانامەی زانکۆیی و ئاستی خوێندن، لەپاڵ لایەنی دارایی دا بو بە پێوەرێک بۆ هاوسەرگیری، بە کاریگەریی قەیرانی داراییش، جارێکی تر پێوەرەکان گۆڕاون، ئێستا هاوسەرەکان هەم بڕوانامە و ئاستی زانکۆییان دەوێت، هەمیش دەرفەتی کار، هەردوکیشی بە تەواوکەری یەکتری دەزانن.

کچان باس لەوەدەکەن بەهۆی قەیرانی دارایەوە، ئێستا بونی دەرفەتی کار بۆ هەردولایان گرنگە.

نیان بورهان، ٢٢ ساڵ، وتی: ماوەی ساڵێکە ژیانی هاوسەرگیریم پێکهێناوە، من و هاوسەرەکەشم خوێندکاری زانکۆین، خۆشبەختانە دوای گەڕانەوەمان لەزانکۆ هاوسەرەکەم لەگەڵ باوکیدا ئیشدەکات.

ئەو پێیوایە ئەگەرچی «ژیانێکی سادە» بەڕێدەکەن، بەڵام دڵخۆشن، بەتایبەتی کە هەردوکیان دەبنە خاوەنی بڕوانامەی زانکۆیی.

ئەم بۆچونە، لەناو بەشێکی تری کچان دا تا ئاستی چەسپین لە هزریاندا رۆشتوە.

سازان عوسمان، ٢١ ساڵ، باسی لەوەکرد هاوسەرەکەی کاری سەربەست دەکات، ئەگەرچی بڕوانامەی زانکۆییشی هەیە.

وتی: من هاوسەرەکەم خۆشدەویست و بۆیە هاوسەرگیرییمان کرد، ئێستاش ئەگەرچی دانەمەزراوە و کار دەکات بە مانگانەیەکی کەم، بەڵام دڵخۆش و ئاسودەین.

پێشتر کە کچ خوازبێنی دەکرا پرسیار لەبڕوانامە و خوێندنی کوڕەکە دەکرا، بەتایبەتی بۆ ئەو کچانەی خوێندنیان تەواو کردبو.

دڵسۆز محەمەد، ٢٥ ساڵ، ئەوەدەگێڕێتەوە کە کاتێک هاوسەرگیریی کردوە چۆن روبەڕوی تانە بوەتەوە، بەوەی هاوسەرەکەی بڕوانامەی نەبوە، بەڵام بەوتەی خۆی: «گرنگ ئەوەبو کە یەکترمان بەدڵ بو و هاوسەرەکەشم خاوەنی کاری باشە و ژیانمان خۆشە».

زۆرێک لەو ژنانەی هاوسەرەکانیان دەرچوی زانکۆن و دانەمەزراون، نیگەرانن لەوەی کە هاوسەرەکانیان لە بواریکدا کاردەکەن کە هی پسپۆڕێتیەکەیان نیە.

شیلان ئەکرەم، ٢٩ ساڵ، وتی: «هاوسەرەکەم خوێندنی تەواو کرد، بەڵام ئێستاش ئیش دەکات، کە بەجلی ئیشکردنەوە دەبینم واهەست ناکەم خاوەن بڕوانامە بێت».

هەندێک لە کوڕانیش کە دەرچوی دانەمەزراون، پێیانوایە بەهۆی گرنگیدانیان بە خوێندن، نەیانتوانیوە پیشە و کاری تر فێر بن، ئەمەش بۆ پێکهێنانی هاوسەرگیری زیانی پێگەیاندون.

سۆران رەئوف، ٢٦ ساڵ، وتی: خوێندن رێگر بوە لەوەی ئیشێک بکەم، ئێستاش پاش دەرچون، سێ ساڵە وەکو شاگردێک بەمانگانەیەکی کەم ئیشدەکەم کە بەشی ئەوە ناکات ژیانی هاوسەرگیری پێک بهێنم.

بەڵام سەرباری ئەوەش، هێشتا کچان و کوڕان گرنگیی بە بەدەستهێنانی بڕوانامە دەدەن و بە پێویستی دەزانن.

زانا عومەر، ٢٣ ساڵ، دەرچوی دانەمەزراوە، وتی: بونی بڕوانامە بۆ لایەنی ژیان و دەرونی خۆشترە، هەروەک کەسی خاوەن بڕوانامە جیاوازە لەوەی کە بڕوانامەی نەبێت لەڕوی قسەکردن و هەڵسوکەوتەوە.

شارەزایەکی دەروناسی، جەخت لەوەدەکاتەوە کە بونی بڕوانامە دەرفەتی کار بۆ کەسەکان زیاتر دەکات.

کەریم مەدحەت، مامۆستای دەروناسی لە زانکۆی گەرمیان، وتی: زۆرن ئەو گەنجانەی بۆ هاوسەرگیری پشت بەخۆیان دەبەستن و هەوڵدەدەن لەگەڵ خوێندن دا کاریش بکەن.

وتیشی: بونی بڕوانامە گرنگە، هەلی کارکردن زیاتر دەڕەخسێنێت بۆ گەنجان، ئەمەش هۆکارێکی باشە بۆ ڕۆشتنە نێو پرۆسەی هاوسەرگیریەوە.

سێ کچ پرۆژەیەکی نوێ لە کەلار دەکەنەوە...

لەفەیسبوکەوە خواردنی کوردەواریی داوا بکە

■ نەوژین، ڕێناس سالّەح

ژنانی گەرمیان بەردەوامن لە ڕێچکە شکاندن، ئەمجارەیان سێ کچ بەهاوبەشی دەست بۆ کارێکی جیاواز دەبەن و دەبنە سەرتۆپی کارێکی نوێی ژنان لە سنورەکە، بە کردنەوەی نانەواخانە و خواردنگەیەکی کوردەواری هاوبەش، خۆیان دەسەلمێنن.

(نانەواخانە و خواردنی کوردەواری هێشو)، ئەو پرۆژە تازەیەیە کە لەکەلار و لە بەرواری ٢٠٢٠/١/٨ـەوە کراوەتەوە. بەناز ئەحمەد، بەڕێوبەر و سەرپەرشتیاری پرۆژەکە، لەبارەی بیرۆکەی کارەکەیان و دەستبردن بۆ کاری سەربەخۆی خۆیان، قسەی بۆ (نەوژین) کرد و وتی: «بیرۆکەی کارەکەمان هاوبەش بو، چونکە ئێمە لە گروپی کچانی دەسترەنگینی کەلار ساڵی پار پێشەنگایەکمان کردەوە، ئەوکات ڕێکخراوی خاچی سوری نیودەوڵەتی نوێنەریان هات و پێشەنگاکەی بینین داوای بیرۆکەی کاری لێکردین بۆ ئەوەی هاوکاریمان بکەن، چونکە من خاوەن پێداویستی تایبەت بوم لەو ڕوانگەوە ئەوەیان بۆ پێشنیار کردم».

لە نانەواخانەو خواردنگە کوردەواریەکەی (هێشو)، چەندین خواردنی کوردەواری و کولیچە بە دەستوری ناوچەکە لەسەر داوای کڕیاران دروست دەکرێت، هاوکات ڕۆژانە چەندین شێوازی نانی کوردەواری لێرە لەلایەن دوخانمی شارەکەوە دروست دەکرێت.

یەکێک لە هاوبەشەکانی (بەناز)، (شەنگە محەمەد)ە. دەڵێت: ئەمە خەونی چەند ساڵەی بوەو ئێستا پێی گەشتوە.

ئەو بەردەوام بو لەسەر قسەکانی و باسی لە دڵخۆشیەکی زۆری خۆی کرد بۆ کارەکەیان «هەست بە خۆشیەکی زۆر دەکەم، یەکەم لەبەر ئەوەی ڕێچکەشکێنیمان کردوە، دوەم توانیومە لەسەر پێکانی خۆم بوەستم».

(شەنگە) ماوەی ١٢ ساڵە کاری چنین و دەسترەنگینی دەکات، ئێستاش لێرەدا بە دروستکردنی خواردن، جارێکی دیکە تواناکانی خۆی نمایشدەکات.

یەکێکی دیکە لە جیاوازیەکانی کارەکەی ئەم خانمانە ئەوەیە تەوای ستافەکەیان لە ڕەگەزی مێن کە پێنج کەس دەبن.

بەناز ئەحمەد، لەبارەی چۆنیەتی دەستخستنی خواردن و نان لە لایەن کڕیارەکانەوە، وتی: کڕیارەکانمان دەتوانن لە ڕێگەی فەیسبوک یاخود ژمارە مۆبایلەکانمانەوە داواکاریەکەیان بگەیەنن، ئەوکات ئێمە لەسەر خواستی ئەوان خوردنەکانیان بۆ دروست دەکەین.

ئەم دەستپێشخەرییە، لەلایان کڕیارانەوە بە باشیی پێشوازیی لێکراوە.

شیرین کەریم، یەکێک لەو خانمانەی کە سەردانی (نانەواخانە و خواردنی کوردەواری هێشو)ی کردوە، باسی لەوەکرد یەکەمجار هاتوە سەیری کارەکان و شوێنەکەی کردوە نیازی کڕینی هیچی نەبوە، بەڵام زۆر دڵی خۆش بوە کە کۆمەڵێک خانم پێکەوە زۆر بە پاکی و متمانەوە کاردەکەن «هەر بۆیە لەگەڵ خۆم نانم کڕی و ئەوجا گەڕامەوە».

لەبارەی ئەوەی تاوەکو چەند ژنان دەتوانن بەمشێوەیە ببنە خاوەن کاری سەربەخۆی خۆیان، (شەنگە محەمەد) ئاماژەی بەوەکرد «بە توانای ژنان خۆیان کەوتوە، لەکاتێکدا پێشوتر ئەمە عەیبە بوە».

لەگەڵ ئەمەشدا (بەناز ئەحمەد) ڕای جیاواز بو، بەوەی کە ژنان لێرە بە هۆی ئەرکی قورسی دایکایەتی و کاری ماڵەوە کەمتر دەرفەتیان دەبێت بۆ کارکردن، نایشارێتەوە ژنان بە پێداگری کردن لەسەر بەدەستهێنانی مافی خۆیان، دەتوانن ئەوەی لە توانایاندایە بیکەن و ببنە خاوەنی ئابوری سەربەخۆ.

کچان خو دەدەنە بەخێوکردنی ئاژەڵی ماڵی

■ نەوژین، زریان محەمەد

هەمو بەیانیەک کە (سێوە) لەخەو رادەبێت، پێش هەر کارێک سەرێک لە باڵندەکانی دەدات و دڵنیا دەبێتەوە لەوەی کە سەلامەت و باشن. ئەو لە ماڵەوە ٢ باڵندەی راگرتوە، کە بوە بە بەشێک لە خو و ئارەزوەکانی ژیانی.

ئەگەر جاران پیاوان زۆر گرنگییان بە ئاژەڵی ماڵی و جوانکاریی «زینە» دابێت، ئەوا ئێستا ژنان گرنگیی بە ئاژەڵان دەدەن، ئەوان باس لەوەدەکەن، لەم رێگەیەوە ئارامیەکی دەرونی زۆریان دەست دەکەوێت.

سێوە عوسمان، ٢٨ ساڵ، دەرچوی زانکۆیە و دانیشتوی شاری کەلارە، بە دڵخۆشیەکی زۆرەوە باسی لە بەخێوکردنی باڵندەکانی بۆ (نەوژین) دەکرد و وتی: «بەخێوکردنی باڵندە ماڵیەکان حەزێکی منداڵیمە هەر لەو کات ئارەزوم هەبو بەخێویان بکەم، بۆیە ئیستا دوجۆر باڵندەم هەیە ئەونیش (تەیرولحوب و کۆکتێل)ن».

دەشڵێت: ئاسودەیەکی زۆرم پێدەبەخشن و بون بە هاوڕێ بۆم، تەنانەت قسەیان لەگەڵ دەکەم بەرەولام دێن و خۆشیم پێ دەدەن.

بەخێوکردنی ئاژەڵە ماڵیەکان لە چوارچێوەی باڵندەکان نەماوەتەوە، بەڵکو ماسیش بەخێو دەکرێت.

دایکی سۆما، ٤٠ ساڵ، کە ژنی ماڵەوەیە و دانیشتوی شاری کەلارە، وتی: ماسی بەخێو دەکەم سەرەتا زۆرم هەبو چونکە زۆر خۆشە لەماڵ هەبێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی نەخۆشم ئێستا تەنها ٢ دانەم ماونەتەوە.

باسی لەوەشکرد: «کاتێک سەیریان دەکەم نەخۆشیەکەمم بیر دەبەنەوە». لە هەمان کاتدا، سوزان ئەحمەد، ٢٠ ساڵ، خوێندکاری زانکۆیە و دانیشتوی ناحیەی رزگاریە، لە بارەی بەخێوکردنی ئاژەڵە ماڵیەکانەوە بۆ (نەوژین) دەڵێت: «من ٩ پشیلەم هەیە، بەڵام سەرەتا ١ دانەی بچوک بو کە ماڵیی نەبو، واملێکرد ماڵیی ببێت، خواردن و شتم پێدەدا و بانگم دەکرد دەهاتە لام، ئیتر وایلێهات بو بە دایک و ئێستا بون بە ٩ دانە».

وتیشی: ماڵەوە سەرەتا زۆر دژایەتیان دەکردم و دەیان وت پیسە، بەڵام ئێستا ئەوانیش وەک منیان لێ هاتوە و تەنانەت دەچنە باوەشیان.

لە بارەی قورسی بەخێوکردنی ئاژەڵە ماڵیەکانەوە ئافرەتان باس لەوە دەکەن کە هەر چەند قورس بێت گرفتێکمان نیە.

سێوە عوسمان، وتی: لەبەر ئەوەی حەزی خۆمە کە بەخێویان دەکەم، بەخێوکردنیان هەرچەند قورس بێت ئاسانیە بەلامەوە، ئەگەرچی هیچ قورس نیە و بگرە هیچیان ناوێت.

بە هەمان شێوە، (دایکی سۆما) دەڵێت: «بەخێوکردنی ماسی قورس نیە کە هەندێک کەس باس لەوە دەکەن قورسە، ئەوەی هەیە تەنها لە هەفتەیەک دو جار حەوزەکەیان خاوێن دەکەیتەوە و رۆژی یەکجاریش خواردنیان پێ دەدەی».

لەبارەی ئەوەی هەست بە چی دەکات کە پشیلەکانی بەخێو دەکات؟ (سۆزان) وتی: «هەست بە ئارامیەکی زۆر دەکەم تەنانەت کە دانەیەکیان مرد خەریکبو شێت ببم».

فرۆشیارێکیش باس لەوە دەکات کە کڕیاری ژنیان زیاترە وەک لە پیاوان بۆ کڕینی ئاژەڵە ماڵییەکان و باڵندەکان.

ئەحمەد ئەمیر، فرۆشیاری ئاژەڵە ماڵیەکان و باڵندەکان لەکەلار، بۆ (نەوژین) وتی: کڕیاری ئافرەتمان زۆر زیاترە لە کڕینی ماسی و پشیلە و «تەیرولحوب» وەک لە ئاژەڵەکانی تر و باڵندەکان.

ئەم خودانە بە ئاژەڵەکان، بەرای توێژەرێکی دەرونیی، وەکو دەروازەیەک بۆ هێوربون و ئارامیی دەرونی پشتی پێدەبەستریت.

عەباس مەحمود، توێژەری دەرونی، بۆ (نەوژین) باس لەوە دەکات: «بەخێوکردنی ئاژەڵە ماڵیەکان و باڵندەکان لەلایەن ژنانەوە بەشێکی زۆری بۆشایی دەرونیان پڕدەکاتەوە و وەک هاورێیەکی لێدێت بۆیان و خویان پێوە دەگرن، چونکە ژنان بە سروشتی خۆیان حەزیان بە سروشت و جوانیە».

لەپشوی سەری ساڵ دا قوتابخانەکەی دەنەخشێنێت

■ نەوژین، ئارام جەبار

لەکاتێکدا هەموان لە پشوی سەری ساڵدا دەبەن، بەڵام (پەری) لەگەڵ هاوسەرەکەی دا لەبری پشودان، دەچنەوە قوتابخانەکەیان، بۆ وتنەوەی دەرس و وانە نا، بەڵکو کارێکی قورستر ئەنجام دەدەن، ئەویش رەنگکردنی دیواری قوتابخانەکەیانە بە وێنە و نیگاری جۆراوجۆر.

پەری مەحمود ساڵح، لەدایکبوی ساڵی (١٩٩١)ی ناحیەی باوەنورە و هەر لەوێ نیشتەجێیە، ساڵی ٢٠١٢ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت بەشی کۆمەڵگە و بەتایبەتی فێرخوازان بەکاری بێنێت.

لەبارەی سەرەتای برەودانی بە خولیا هونەرییەکانی، (پەری) بۆ (نەوژین) وتی: سەرەتا پەیوەندیم بە بەشی شێوەکاریی سەنتەری گەنجانی کەلارەوە کرد و بەشداری خولێکی سێ مانگیم کرد و لەسەر دەستی (م. سەردار حەمید)، بەشێوەی پراکتیکی بابەتە سەرەتاییەکانی هونەری شێوەکاری فێربوم.

درێژەی بە قسەکانی دا و وتی: پاش ئەو خولەش بەردەوام بوم لە بردەوان بە توانا هونەرییەکانم و ناوەناویش سەردانی بەشی شێوەکاری سەنتەرەکە دەکەم.

ئەو لە سەرەتای مانگی نۆڤەمبەری ٢٠١٩ەوە وەکو مامۆستای وانەبێژ لە قوتابخانەی (مەیدانی بنەڕەتی) لە ناحیەی مەیدان دەستبەکار دەبێت، لەپاڵ وانەوتنەوەدا، دەست بە ئەنجامدانی کاری هونەریی دەکات.

تازەترین کاریشی ئەوەبو لەماوەی پشوی ساڵی نوێدا کە پشوی فەرمی بو لەسەرجەم ناوەندەکانی خوێندندا، بەڵام ئەو بەبێ وەرگرتنی پشو و وەک خەمخۆرێەک بۆ قوتابخانە و قوتابیەکانی، دەستی بە نەخشاندنی دیواری قوتابخانەکەیان کردوە.

پەری، لەوبارەوە وتی: بەهاوکاری هاوسەرەکەم بۆ ماوەی حەوت رۆژ، هەمو رۆژێک لە باوەنورەوە دەرۆیشتین بۆ ناحیەی مەیدان بۆ ئەوەی دیمەنێکی جوان بە قوتابخانەکەمان ببەخشین و توانیمان بەشێکی زۆری دیوارەکانی قوتابخانەکە رەنگ بکەین و چەندین وێنەی پەروەردەیی جیاواز بکێشین.

ئەوان ئەگەرچی ئەم کارەیان بەخۆبەخشی کردوە و چاوەڕێی هیچ پاداشت و دەستخۆشییەک نەبون، بەڵام پەروەردەی کەلار لە گرنگیی دەستپێشخەرییەکەیان تێگەیشتوە، هەربۆیە سوپاس و پێزانینی پێشکەش کردون و رێز لە ماندوبونیان گیراوە.

ئەم رێزلێنانە (پەری) دڵخۆش کردوە و جەختدەکاتەوە کە ئەوەی لەتوانای دا بێت بۆ خزمەتی قوتابخانە و فێرخوازەکانی دەیکات، بەتایبەتی لەروی برەودان بەکاری هونەریی و پێشخستنیانەوە.

جێ پەنجەی ٧ ژن بەسەر سینەمای جیهانیەوە

■ نەوژین

ژمارەی ئەو ژنانەی کەلە سینەمای جیهانی دا و لە بوارە جیاوازەکانی ئەم هونەرەدا کاریان کردوە زۆرن، بەڵام ٧ ژن بە تایبەتی ناویان دەبرێت بەوەی لە مێژوی سینەما رۆڵ و نەخشی جیاوازیان هەبوە، کە لە خوارەوە ئاماژەیان بۆ دەکەین.

١. لینی ریفینشتاڵ

یەکێکە لە سەرەتاییترین ئەو ژنانەی وەکو دەرهێنەری سینەمایی کاریان کردوە. ئەو ئەگەرچی لەژێر چەتری رژێمی نازیی ئەڵمانیا کاری کردوە، بەڵام کارەکانی لە مێژوی سینەمادا و بەتایبەتی لە بواری سینەمای بەڵگەنامەیی «دیکیۆمێنتاریی»دا لەبیر ناکرێت.

فیلمی «ئۆڵۆمپیاد»، کەلەبارەی ئۆڵۆمپیادی ١٩٣٦ دروستیکردوە، بە فیلمێکی گرنگ دادەنرێت لەباسکردنی ئەو رۆڵەی وەرزش لە دڵخۆشکردنی خەڵکی دا دەیگێڕێت، هەروەک لیژنەی ئۆڵۆمپی جیهانی ئاماژەی پێداوە. بەتایبەتی (لینی) لەم فیلمەدا دژی داوای وەزیری پروپاگەندەی دەوڵەتی نازیی وەستاوەتەوە، کە ویستویەتی فیلمەکە تەنها لەسەر وەرزشوانە ئەڵمانەکان بێت، بەڵام ئەو لەسەر تێکڕا وەرزشوانان فیلمەکەی دروستکردوە.

٢. ئانیس فیدرا

ئەگەرچی خۆی بەلژیکیە، بەڵام بەیەکێک لە ناوە دیارەکانی سینەمای فەرەنسی هەژمار دەکرێت . سەرەتای کارەکانی بە ژمارەیەک فیلمی لەبواری سینەمادا وەک ئەکتەر بوە، دواتر روی لە دەرهێنان کردوە و چەند فیلمێکی گرنگی دروستکردوە، کە دیارترینیان فیلمی (Lost in Translation) بو لە ساڵی ٢٠٠٣، کە بەتەنها خۆی بۆ ٣ خەڵاتی ئۆسکار پاڵێورا و خەڵاتی باشترینی سیناریۆی بنەڕەتیشی بردەوە.

لەساڵی ٢٠١٠ دا فیلمی (Somewhere) دەرهێنا، کە لە ڤیستیڤاڵی ڤینیسیادا خەڵاتی شێری ئاڵتونیی بەدەستهێنا.

٦. سوزان بییەر

گرنگترین ژنە دەرهێنەرە لە مێژوی دانیمارک و هەمو وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا. لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوەوە کاروانی هونەری خۆی خستوەتەڕێ، بەناوبانگترین فیلمەکانی (Brothers) بوە لە ساڵی ٢٠٠٤. لەساڵی ٢٠٠٦ فیلمێکی بەناوی (After the Wedding) پاڵێورا بۆ خەڵاتی ئۆسکاری باشترین فیلمی بیانی و لە ساڵی ٢٠١٠ دا فیلمێکی بەناوی (In a Better World) خەڵاتی ئۆسکاری باشترین فیلمی بیانی بەدەستهێنا.

٧. کاسرین بیگالۆ

لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوەوە دەستی بەکاری سینەمایی کردوە و سەرەتا چەند فیلمێکی دروستکردوە لەبوارەکانی خەیاڵی زانستی و ئەکشن و ترسناکیی دا کە زۆر سەکەوتو نەبون. لە ساڵی ٢٠٠٩ سەرنجی هەموانی بۆ لای خۆی کێشکرد بە دروستکردنی فیلمێک لەبارەی رەوشی عێراق و سەربازانی ئەمریکی لە عێراق بەناوی (The Hurt Locker) کە توانی ٦ خەڵاتی ئۆسکار بەدەستبێنێت لەنێوی دا خەڵاتی باشترین دەرهێنان، کە یەکەمجارە لە مێژوی ئۆسکار دا ژنێک بتوانێت ئەو خەڵاتە بەدەستبێنێت.

نەسرین رەهێڵەی هێڵکارییەکان دەسازێنێت

■ نەوژین

سەدان هێڵی راست و خوار، دەیان تابلۆ دەنەخشێنن، تابلۆیەلی هونەریی، کە سەلیقەی ژنە هونەرمەندێک بەرجەستە دەکەن.

بەشی شێوەکاری سەنتەری چالاکی گەنجانی کەلار سەر بە منالپارێزی کوردستان، لە درێژەی چالاکیەکانی خۆی دا، پێشانگایەکی شێوەکاریی بۆ بۆ خانمە شێوەکار (نەسرین کەریم) بەناونیشانی: (رەهێڵەی هێڵکارییەکان) کردەوە.

پێشانگاکە رۆژی دوشەمە (٢٠٢٠/١/٢٠) لە هۆڵی سەنتەری چالاکی گەنجانی کەلار، بە بەشداریی و ئامادەبونی ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوڵاتیان کرایەوە و تیایدا ٥٧ تابلۆی ئەو خانمە شێوەکارە نمایش کرابو.

تابلۆکان بەگشتی تابلۆی هێڵکاریی جیاواز بون، کە پۆرتریت و وێنەی کەسایەتی و خەڵکی ئاسایی لەخۆی گرتبو و بەزۆرییش بە قەڵەمی دار نەخشێترابون.

ئەم پێشانگایە دەستپێکی چالاکییەکانی بەشی شێوەکاری سەنتەری ناوبراوە لە ساڵی نوێدا، کە لە پاڵ خولە بەردەوامەکانی فێرکاریی شێوەکاریی، پێشانگای تایبەت و گشتیش بۆ شێوەکاران لە هەردو رەگەز دەکاتەوە.

بۆ کار دێن، بەڵام روبەڕوی گێچەڵ دەبنەوە

پارلەمانتارێک: زۆرێک لە کرێکارانی بیانی مافیان پێشێلکراوە

■ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

ژنانێکی زۆر لە دەرەوەی هەرێمەوە، بۆکار رو لە کوردستان دەکەن، بەڵام بەشێکیان گێچەڵی سێکسیان پێدەکرێت و دەستدرێژیان دەکرێتە سەر و لە مافەکانیان بێبەش دەکرێن.

(س)، کچێکی فلیپینی تەمەن ٢٣ ساڵە، ماوەی ٣ ساڵە لەهەرێمی کوردستان کاردەکات، بەڵام بەوتەی خۆی لەلایەن کارداڕەکەیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر. بۆ (نەوژین) وتی: «کارم دەکرد لە ماڵێک دا، تەنیا ژن و پیاوێکی بەتەمەن لەماڵەکەدا دەژیان، پیاوەکە ڕۆژێک بەبیانوی پاککردنەوەی غەساڵەکەیان بانگی کردم بۆ دەستشۆرەکە، بەڵام لەوێ پەلاماری دام و دەستدرێژی کردە سەرم».

حاڵەتەکانی دەستدرێژی بۆ سەر ئەو ژنە بیانیانە، گەشتونەتە ئاستێکی بەرچاو، ئاماری ڕێکخراوێکی تایبەتمەند لەو بوارە، جەخت لەمە دەکاتەوە.

بەپێی ئاماری ڕێکخراوی ڕۆشنبیری و داکۆکیکار لەمافی کرێکارانی بیانی لە کوردستان، لەساڵی ٢٠١٨ دا نزیکەی ٢٠٠ کەیسی دەستدرێژی و پێشێلکاریی تۆمارکراون، ناوەڕۆکی کەیسەکانیش: (کوشتن، دەستدرێژی، ئازاردان، گێچەڵکردن و بێڕێزیکردن) بوە بەرامبەریان، جگە لە تۆمارکردنی گیان لەدەستدانی ١٦ کرێکار و کوشتنی ٥ کرێکاری دیکە. ئاماژەکانی ساڵی رابردوش هێشتا بەردەست نین.

هەژار مەحمود، سەرۆکی ڕێکخراوی داکۆکیکار لە مافی کرێکارانی بیانی، بۆ (نەوژین) وتی: «کرێکارانی بیانی مافیان دیاری نەکراوە، بێڕێزی زۆریان بەرامبەر دەکرێت، جگەلەوەش بازرگانییان پێدەکرێت، زۆر جاریش کەیسەکان لەبەرامبەر قەرەبوکردنەوەی پارەدا تەواو دەکرێت و دادەخرێت».

وتیشی: کەیسەکان بەکەمی دەبڕێتە دادگا، چونکە چارەسەری ناکەن، تەنیا کەسەکە هیلاک دەکەن بەهاتوچۆکردن، زۆرێک لەکەیسەکان لەدادگادا بەکراوەیی ماونەتەوە.

جەختیشیکردەوە: «تاوەکو کرێکارێکی بیانی دەکوژرێت، ١٠ کرێکاری کورد لەبەرامبەردا دەکوژرێت، واتە تەنیا لەوان ناکوژرێت».

بەپێی ئەو ئامارەی دەست (نەوژین) کەوتوە، لە هەرێمی کوردستان ٢٥ هەزار کرێکاری بیانی هەیە، ٥ هەزاریان بە یادگار نەسرین، ٢٨ ساڵ، کاسب، ڕەخنە لەو پیاوانە دەگرێت کە وەکخۆی وتی: «بۆ جنێودان بە ژن و دایک و خوشکی خەڵکی ئازان».

پێیشیوایە ئەوانەی ئەو ڕەفتارە دەنوێنن «کەسانی دۆڕاون لە ژیان دا».

جنێودان لەلایەن پیاوانەوە لەژیانی ڕۆژانە و نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لە ئامرازی خۆ خاڵیکردنەوە تێپەڕیوە و بوە بە چەکی دەستیان بۆ ڕوبەڕوبونەوە.

حسێن عەلی شەریف، ٤٩ ساڵ، وەرزشکار، باس لەوە دەکات جنێودان بە پیاوبون و پیاوەتی هەمو خێزانێک، بە مێینەی خێزانەکانیانەوە بەستراوە.

ئەم حاڵەتە بەلای هەندێک لە پیاوانیشەوە مایەی هەڵوەستە لەسەر کردنە. ئەوان پێیانوایە سیفەتی جنێوفرۆشی لە کەسایەتی پیاوەکە کەم دەکاتەوە و جۆرێکیشە لە بێدەسەڵاتی.

ڕێبوار غەریب، ٣٩ ساڵ، مامۆستا، بۆ (نەوژین) وتی: «چ بێ ئەدەبیەکە کە داخ و تورەیی خۆت بە ژن دا خاڵی بکەیتەوە کە ئەوان ئاگایان لەشەڕی پیاو و کوڕ و براکانیان نییە؟».

پیاوەکان لە دەرەوە یاریپەکانیان دەدۆڕێنن و جنێوەکان ئاراستەی مێینەکانی ماڵەوە دەکەن.
لەسەرشەقامەکان تورە دەبن لە شۆفێرێک کە دەستی شکاندوەتەوە بەسەریاندا، کەچی هەرچی سوکایەتییە بە (دایک، خوشک و ژن) ی یەکتری دەکەن!

■ نەوژین، پەرژین کامەران

جنێودان و شەڕکردنی زارەکی لەنێوان پیاواندا بە بەکارهێنانی ژن، حاڵەت یان دیاردەیەکی کۆن و دێرینە، ئەوەی باسەکە دەکاتە باسێکی سەیر ئەوەیە: لەکاتێکدا پیاوان ژنان بە «شەرەفی» خۆیان دەزانن، هەربۆیە ئەمەش بە خاڵی وروژاندنی بەرامبەرەکەیان دەستنیشان دەکەن و لەکاتی شەڕ و ناکۆکیەکاندا پەنای بۆ دەبەن.

ئەم دیاردەیە بەڕای ژنێک، جۆرێکە لە هێرشکردنە سەر پیرۆزیەکانی یەکتر، بەتایبەتی کە پیاوان ژنان بە «شەرەفی» خۆیان ئەزانن.

کاژاو کەریم، ٢٨ ساڵ، دەرچوی زانکۆ، بۆ (نەوژین) وتی: پیاوان ژن وەکو شەرەفی خۆیان سەیر دەکەن، کەچی قسەکردن بە ژن بە خاڵی لاوازی بەرامبەر دەزانن، تەنیا خۆیان لەو هەستە نەرێنییە دەرونییە تێدەگەن کە قسەکردن بەژنی یەکتر چەند لە کەسایەتییان کەم دەکاتەوە.

ئەم خاڵە بەلای کچێکی ترەوە، هۆکارە بۆ ئەوەی پیاوان پەنا بۆ جنێودان بە ژنان ببەن.

ئەسما حەسەن، ٢٣ ساڵ، پاریدەدەری تاقیگە، دەڵێت: لە کۆمەڵگای ئێمە شەرەف و ڕەوشت و کەرامەت و تەنانەت سەرەکی ئەم دیاردەیە ئەوەیە کە تا ئێستاش بیرکردنەوە و عەقڵیەتی ئێمە ژنان وەکو شەرەفی پیاو وێنا دەکات، بۆیە کەسێک جنێو بەمان بدات واهەست دەکات پەلاماری شەرەف و کەرامەتی بەرامبەری داوە.

دەشڵێت: پەروەردەی خێزان و قوتابخانە کاریگەری زۆر گەورەی هەیە و دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی کە خەڵک واز لەم سیفەتە خراپە بێنن و لانیکەم کەم بکرێتەوە، چونکە جنێودان ناتوانێت هیچ چارەسەر بکات.

> کرێکارانی بیانی بێڕێزی زۆریان بەرامبەر دەکرێت

> کارداڕەکەم لە ماڵەکەیدا دەستدرێژی کردە سەرم

ژنێک لەناو کۆشکدا

> من وەک ژنێکی تورەی رەشپێستم دەناسرام

> هیچ شتێک مەحاڵ نیە بۆ سەرکەوتن

■ ئالا حسێن

ئێمەی ژنان هەمو کات وپستومانە توانا و بەهرەکانی خۆمان بسەلمێنین، ئازایەتی و بوێری خۆمان لەهەر بوارێکدا بێت بدۆزینەوە و پەرەی پێ بدەین. ئێمەی ژنان لە ژیاندا بۆ ئەوی بە ئامانجەکانی خۆمان بگەین، پێویستە یەک شت فێر بین، ئەویش ئەوەیە: رای خۆمان هەبێت و دەنگی خۆمان بە ئازادیی و بوێرییەوە دەربڕین، بڕەو بە تواناکانی خۆمان بدەین.

ئەو هۆکارانەی دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم سەرکەوتنەکانمان، ماددی بێت یاخود مەعنەوی، دەبێت بکۆشین بۆ ئەوەی بتوانین تێپەڕێنین و بە ئازایەتیەوە بە رویاندا بوستینەوە. (میشێل ئۆباما) نمونەیەکی زیندوە لەو بوارەدا.

میشێل ئەو ئافرەتە ئەفریقییەیە، کە شۆڕەسواری ئازایەتی و کۆڵنەدان بوە لەناو لاپەڕەی کتێب و ژیانکردندا، ژنێک لەناو ئەو دۆخە ناهەموار و قورسەی دونیای سەرمایەداریدا لوتکەی بەرخۆدان و سەرکەوتنە. میشێل ئەمەریکییەکە لە سالی ١٩٦٤ لە دایکبوە، لە خێزانێکی چینی مامناوەندا ژیاوە، پیشەی پارێزەر بوە، بەلام ئەو هەر لە منالێیەوە خەونی گەورە و ئامانجی زۆری هەبوە.

کاتێک لە زانکۆ دەبێت و بۆ ئەوەی پارەی خوێندنەکەی دابین بکات، دوای دوامی زانکۆ، منالّی مامۆستاکانی خۆی بە خێوکردوە، ئەمە سەرباری ئەوەی خودی خۆیشی منالّی زۆر خۆش ویستوە.

دوای ئەوەی زانکۆ تەواو دەکات و دەبێتە پارێزەر، لە نوسینگەکەی خۆیدا ئاشنا دەبێت بە (باراک ئۆباما)، پاش ماوەیەک لە پەیوەندی خۆشەویستی، دواتر لەگەڵی دا هاوسەرگیری دەکات. میشێل پشتیوانێکی باشی (ئۆباما) دەبێت و لەپشت سەرکەوتنەکانییەوە دەبێت. لەکاتی خۆکاندیدکردنیشی دا بۆ سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، چەندین کەمپینی بانگەشەکردنی بۆ ئەنجام دەدات، هاوکاری و ئامادەکاری زۆری بۆ دەرچون و سەرکەوتنی ئۆباما کردوە، پاش سەرکەوتنیشی، دواجار (میشێل و ئۆباما) پێکەوە دەچنە کۆشکی سپی، لەو چرکە ساتەوە میشێل هەوڵی بەدی هێنانی ئامانجەکانی دەدات.

لە مێژوی ئەمریکادا (میشێل) تاکە ژنی ئەفریقیَ ئەمریکی بو کە دەبێت بە خانمی یەکەمی ویلایە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. ئەو دەڵێت: «کاتێک من وەک خانمی یەکەم دەرکەوتم، پێمنایە ناو ژیانی گشتی و وەک بەهێزترین ژنی جیهان توشی کۆمەڵێک تونج و رەخنە بومەوە، چونکە لە چاوی زۆرێک دا من وەک ژنێکی تورەی رەشپێست دەناسرام. دەمویست ئەوانەی بیریان لەشکاندنی من دەکردەوە، بەوەی کە من کەسێکی تورە و رەشپێستم، ئەمەش بوبو بە مایەی گرنگیدانی ئەوان، کە تورەیی و رەشپێستی تانە و عەیبەیە بۆ سەروەری گەورەترین وڵاتی دونیا. هەروەها ناو و ناتۆرەی سەیر و قێزەونیان دەدایە پاڵ هاوسەرەکەم، بەڵام هەمو ئەمانەم پشتگوێ خست، تاکو دواجار توانیمان لە ناو کۆشکی سپیدا لەدو خولی هەڵبژاردندا سەرکەوتو بین».

دەشڵێت: نابێ ئەوەش نادیدە بگرم کە لە سەروبەندی سەرۆکایەتی ئۆبامادا، توانیم بەشداری کۆمەڵێک کار و چالاکی بکەم و تواناکانی خۆم بسەلمێنم. ئەو هەشت ساڵەی کە لە کۆشکی سپیدا بوم، بنچینە و ئەزمونێکی گەورەی پێ بەخشیم کە هەر گیز پێشبینیم نەکردبو، ئەوە منی گۆڕی و وایکرد زیاتر میهرەبان بم، بەهێزی کردم و توانیم ببم بە پاریزەری کەسانی هەژار و کەمدرامەت.

ئەو بەردەوام دەبێت لەسەرگێرانەوەکانی و پێیوایە لەبواری پەروەردەدا کۆمەڵێک کاری بەسودی ئەنجام داوە، بەوەی هەوڵیداوە خۆراکی تەندروست ئامادەب کرێت و خواردنی خێرا «فاست فود» لەناو قوتابخانە و باخچەی منالّان و دامەزراوەکانی حکومەتدا کەم بکرێتە.

یەکێکی تر لەو بوارانەی کە بە شانازیەوە باسی دەکات، گرنگیدانی بوە بە تویژی گەنجان، دەڵێت: سەرباری چەندین کاری ریکخراوەیی بۆ ئەوەی گەنجان سودی لی وەربگرن، سەردانی چەندین قوتابخانەی کچانم کردوە وتارم تیدا ئامادەکردوە بۆ ئەوەی سودی لی وەربگرن و بیسەلمێنم کە منیش وەکو ئیوە بوم ئێستا خانمی یەکەمی بەهێزترین وڵاتی جیهانم، کەواتە هیچ شتێک مەحاڵ نیە بۆ ئەوەی بگەیت و ببیت بە کەسێکی سەرکەوتو.

لەم سەرگوزشتەی (میشێل) دا روندەبێتەوە، کە پێویستە ئێمەی ژنانیش سود لە ئەزمون و ژیانی ئافرەتانی وڵاتانی دونیا وەربگرین و بتوانین بەهێز و چاوکراوە بین لە هەرچ بوارێکدا بێت: سیاسیی یاخود رۆشنبیری و ئابوری، بۆئەوەی بتوانین بەهرە و تواناکانی خۆمان پەرەپێبدەین، بەمەش دەبین بە کەسێکی بوێر و سەرکەوتو لە ژیانمان دا.

ژنە ئاوارەیەک دەبێتە گەنجترین وەزیری داد

■ نەوژین

گەنجترین وەزیری دادە لەو وڵاتەدا، یەکەم کەسی موسوڵمانیشە پۆستی وەزارەتی داد وەربگرێت، هەروەک دەشبێتە یەکەم وەزیری دادی نەمسا کە لە وڵاتەکەدا لەدایک نەبوە.

> دەمەوێت وەزارەتەکە نوێ بکەمەوە

هاوپەیمانی نێوان پارتی پارێزگاران و پارتی سەوز لە وڵاتی نەمسا، کابینەیەکی نوێی حکومەتی لەو وڵاتە هێنایە ئاراوە، کە لەرێگەیەوە هەندێک پێشهات رویاندا کە یەکەمجارە لە مێژوی ئەو وڵاتە دا رودەدەن، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە وەزارەتی دادەوە هەبێت.

یەکەم ژنە وەزیری بە رەگەز موسڵمان، گەنجترین وەزیری داد لە مبێژوی نەمسا، یەکەمین وەزیر کە لە بنەڕەت دا لەو وڵاتە لەدایک نەبوە. (ئەلما زادیچ)، ئەو ژنەیە کە هەمو ئەم پێشهاتە نوێیانەی لە دەوری خۆیدا کۆکردوەتەوە، ئەویش دوای ئەوەی لەلایەن پارتی سەوزی نەمساییەوە بۆ پۆستی وەزارەتی داد دەستنیشان کرا و سوێندی یاسایی خوارد و دەستبەکار بو.

ئەلمای تەمەن ٣٦ ساڵ، لە وڵاتی (بۆسنە) لەدایکبوە، لە کاتی شەڕی ناوخۆیی یۆگسلافیادا لە نەوەدەکانی سەدەی رابردو، لەگەڵ خێزانەکەی دا هەڵهاتوە و رویان لە نەمسا کردوە.

ئەو لە ساڵی ٢٠١٧ دا چوەتە ریزی پارتی سەوزەوە، پێشتریش زۆرتر لە بواری یاسایی دا کاری کردوە، بەشێوەیەک کە لە نوسینگەیەکی پارێزەریی نێودەوڵەتی کاری کردوە، ئەمە سەرباری ئەوەی ماوەیەک لە نەتەوەیەکگرتوەکان راوێژکار بوە و لە دادگای نێودەوڵەتی تایبەت بە تاوانبارانی جەنگ لە یۆگسلافیای پێشو دا کاری کردوە، لەمیانەی کارکردنیشی دا وەکو پارێزەر، لە زۆر وڵاتی وەکو: (ویلایەتە یەکگرتوەکان، ئیتاڵیا و هۆڵەندا) کاری کردوە.

«ئەمە یەکەمجارە کەسێک لە حکومەتی نەمسا دا دەبێتە وەزیر کە لەو وڵاتەدا لەدایک نەبوە». بەم دەربڕینە (ئەلما) لە ساتی دەستبەکاربونی لە پۆستی وەزیری داد دا قسەی کرد، وادیارە بە ئەنقەستیش ئاماژەی بە باکگراوەندی کۆچبەریی خۆی دابێت، بەمەبەستی خستنەڕوی ئەو گۆڕانکاریی و کرانەوە ئیجابیەی کە لەو ڕوەوە هاتوەتە ئاراوە.

بەڵام ئەم دەستەواژە و ئەم پێدانی پۆستە لەناو بەشێک لە هاوڵاتیانی ئەو وڵاتەدا بە ئاسایی تێنەپەڕیی، بەتایبەت لەلایەن راستڕەوەکانەوە روبەڕوی شەپۆلێک هێرشی زارەکی و هەڕەشەی جۆراوجۆر کرایەوە.

زۆرینەی ئەو کۆمێنت و قسانەی لەسەر دەستبەکاربونی (ئەلما) وەکو یەکەمین ژنە وەزیری دادی موسوڵمان لە نەمسا، لەلایەن لایەنگرانی پارتی «بزوتنەوەی ناسنامە»ی راستڕەوی توندئاژۆوە بو، بەڵام لەبەرامبەردا (ئەلما) خۆگرتو و بەهێز دەرکەوت و لێنەگەڕا ئەم هەڵمەتە ساردی بکاتەوە، بەتایبەتیش کە هاوڵاتیان خۆبەخشانە هەڵمەتێکیان بۆ پشتگیریی لێکردنی راگەیاند، کە خودی سەرۆکی حکومەتیش تیایدا بەشدار بو.

ئەلما، لەبارەی ئەم هەڵمەتەوە دەڵێت: «ئەم هەڵمەتە هاودەنگیە بەرفراوانەتان، هێز و پشتیوانی پێبەخشیم».

نەک هەر هەڵمەتی زارەکی، بەڵکو (ئەلما) روبەڕوی هەڕەشەی مەرگیش بوەتەوە.

لە دیدارێکی رۆژنامەوانیدا، باس لەوەدەکات کە هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە، بەڵام وەکخۆی هێمای بۆ کردوە، بە بەهێزی لە بەرامبەر ئەو هەڕەشانەدا دەمێنێتەوە.

لەبارەی کارنامەکەیەوی بۆ وەزارەتی داد، (ئەلما زادیچ) ئاماژە بەوە دەکات کە دەیەوێت وەزارەتەکە نوێ بکاتەوە. دەڵێت: «دەمەوێت وەزارەتەکە نوێ بکەمەوە و نزیکتری بکەمەوە لە خەڵک، چونکە دادپەروەریی بۆ خەڵکییە و یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی دیموکراسی».

خواست لەسەر مەنجەڵی هەڵم زۆربوە

پزیشکێکی پێست: ئەم مەنجەڵانە هەم سودیان هەیە و هەم زیان

■ نەوژین، خۆشبین جەلال

زۆرێک لە ژنان بۆ باشتر و خێراتر ئامادەکردنی چێشتەکانیان، پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی مەنجەڵی هەڵمی «بوخار»، فرۆشیارێکیش باس لە زیادبونی خواست لەسەر ئەو مەنجەڵانە دەکات، پزیشکێکیش باس لەوەدەکات ئەو مەنجەڵانە هەم سودی هەیە و هەم زیان.

مەنجەڵی هەڵمی، کە زۆرتر بە «بوخار» واتا ناوە عەرەبیەکەی لەناو خەڵکی دا ناسراوە، یەکێکە لەو کەرەستانەی لە زۆرێک لە چێشتخانەی ماڵاندا بونی هەیە.

بەکارهێنانی ئەم مەنجەڵە لەلایەن ژنانەوە هێشتا جێگەی دودڵیە، بەهۆی ئەو زیانەی کە وەک دەوترێت لەسەر جەستە و سەلامەتیان دروستی دەکات، بەڵام ئەم مەترسیانە وایان نەکردوە فرۆشی ئەو مەنجەڵە کەم بێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە زیادی کردوە.

سەروەر سەباح، ٢٥ ساڵ، ماوەی ٧ ساڵە لە بازاڕی کەلار فرۆشگای کەرەستەی ناوماڵەی هەیە، بۆ (نەوژین) وتی: کڕینی مەنجەڵی هەڵم بە پێی وەرز کەوتوە، لە زستانان زۆرتر دەفرۆشرێت.

وتیشی: دەتوانم بڵێم ٩٠٪ فرۆشی لەچاو جاران زیاتر بوە.

ژنان باس لەوە دەکەن کە زۆرتر بۆ هەندێک جۆری تایبەتی خۆراک، پشت بەم مەنجەڵە دەبەستن.

ڕوقیە عادل، ٥٣ ساڵ، باس لەوەدەکات زۆرتر بۆ خواردنەکانی وەک: (سەروپێ، گۆشتی سور، فاسۆلیا، نۆک و گەنمە شامی) مەنجەڵی هەڵم بەکاردێنێت.

بەکار هێنانی مەنجەڵی هەڵم، لەگەڵ کارئاسانیەکەی دا، هەندێکجار ڕوداوی نەخوازراویشی لێدەکەوێتەوە.

شەهلا حەمەئەمین، ٣١ ساڵ، یەکێکە لەو ژنانەی بەم مەنجەڵە توشی زیان بوە. بۆ (نەوژین) وتی: «فاسۆلیام لەمەنجەڵی هەڵم دا بەجێهێشت، کاتێک هاتمە ژورەوە دەرگای مەتبەخەکەم کردەوە مەنجەڵەکە تەقیەوە، لە نەخۆشخانە بە هۆش خۆم هاتم».

ژنانی دیکەش باس لەوەدەکەن لە بەکارهێنانی مەنجەڵەکە دا واپێویست دەکات بەردەوام کابانەکە وریا بێت.

بەدری محەمەد ،٢٧ ساڵ، وتی: «پێش ئەوەی هەوای ناو مەنجەڵەکە دەربچێت، سەرقاپەکەیم کردەوە، بەوهۆیەوە پێمدا تەقیەوە و بوەهۆی سوتاندنی دەستەکانم».

ڕەنگە هەر ئەم مەترسیانە بێت کە وای لە بەشێک لە ژنان کردوە پشت بەم مەنجەڵە نەبەستن.

ئاڤان قازی، ٤٢ ساڵ، دەڵێت تائێستا مەنجەڵی هەڵمی بەکار نەهێناوە.

«بەهۆی ئەوەی لێی دەترسم و هەروەها پێموایە تامی خواردنەکەش دەگۆڕێت بۆ تامێکی ناخۆش، بۆیە قەت بە کارم نەهێناوە». (ئاڤان) وای وت.

ئەوەی ژنان باسیان لێوەکرد، زۆرتر مەترسیەکانی سەر سەلامەتییانە، بەڵام ئایا لەروی تەندروستییەوە چ مەترسی و زیانێکی هەیە؟

د. چێنەر یاسین، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشیەکانی پێست و جوانکاریی، لەمبارەیەوە بۆ (نەوژین) وتی: ناتوانین دیاری بکەین ئایا مەنجەڵی هەڵم باشە یان خراپ، چونکە هەم سودی هەیە و هەم زیان.

لەباسی سودەکەی دا، ئاماژەی دا ئەگەر ئەو هەڵمەی ناو مەنجەڵەکە شێ دروست بکات و بڵاوی بکاتەوە ئەوە سودی زۆرە بۆ پێست، لەبارەی زیانەکەیشیەوە ئاماژەی دا کە مەترسی تەقینەوە و سوتانی پێستی لێدەکرێت.

د. چێنەر یاسین، وتیشی: چەندین حاڵەتی سوتاوی هاتوەتە لامان کە بەهۆی تەقینەوەی مەنجەڵی هەڵمەوە یان بەهۆی هەڵمی مەنجەڵەکەوە کەسەکە بەشێکی جەستەی سوتاوە، سوتانەکەش لە نێوان ئاگر و ئاوی گەرمدا دەبێت و لەکاتی ڕودانی دا جەستە لەنێوان پلەکانی ٢ بۆ ٣ دەسوتێنێت، ئەگەر بەرکەوتنەکە کەمیش بێت هەر سوتان دروستدەکات.

بۆتۆکس و زیانەکانی

■ نەوژین،
ئامادەکردنی: ئامینە محەمەد

بۆتۆکس یەکێکە لەو جوانکاریانەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆر بەکاردەهێنرێت لە لایەن خانمانەوە، زۆرترین خواستی جوانکارییە لە جیهاندا و سالآنە زیاتر لە شەش ملیۆن کەس ئەم کردارە ئەنجام دەدەن.

ئەوەی کە لەم کردەوەیەدا هەست ناکرێت بیری لێدەکرێتەوە، زیانەکانێتی، بەشێوەیەک بەبێ گوێدانە زیان و کاریگەرییەکانی، لەلایەن ژنانەوە ئەنجام دەدرێت.

پێویستە ئەو کەسەی بڕیاری بەکارهێنانی بۆتۆکس دەدات دوجار بیربکاتەوە، چونکە بۆتۆکس مادەیەکی ژەهراوییە و ڕەنگە ببێتە هۆی مردن.

ئەمە جگە لەوەی پێویستە لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە بەکاربهێنرێن، کە شارەزایی تەواویان هەبێت لەسەر شوێنی ماسولکەکانی دەموچاو و هێز و چۆنیەتی کارکردنیان، بەمەش دەتوانرێتر ڕێگری لە زۆربەی زیانەکانی بکرێت.

بەپێی توێژینەوە زانستیەکان و قسەی پزیشک و شارەزایان، دیارترین ئەو زیانانەی کە لە بۆتۆکس دا دەکەوێتەوە، ئەمانەن:

١. هەستیاریی «حساسیە» بە مادەی بۆتۆکس.
٢. ژانەسەر.
٣. ئەگەر بەشێوەیەکی زۆر بەکار بهێنرێت ئەوا بەشێکی زۆر لە ماسولکەکان توشی ئیفلیجی «شلل» دەبێت.
٤. تەنگەنەفەسی و کاریگەری سلبی بۆسەر کرداری هەناسەدان.
٥. هۆکارێکە بۆ دروستبونی وەرەم.
٦. هۆکارێکە بۆ زیاتر توشبون بە هەڵامەت و ئەنفلۆنزا.

توێژینەوەیەکی نوێ هۆشداری دەدات لەوەی کە ئەو مادە ژەهراویانەی لە بۆتۆکسدا هەیە، بە جەستەدا بڵاو دەبنەوە و دەبنە هۆی دروستکردنی گرفتی تەندروستی.

لە ساڵی ٢٠٠٢ دەزگای خۆراک و دەرمانی ئەمریکی (FDA) ڕەزامەندی خۆی دەربڕی لە بەکار هێنانی بۆتۆکس، چونکە بڕوای وابو ئەو ماددەی لە بۆتۆکسدا هەیە لە شوێنی لێدانەکەی دەوەستێت و ناجوڵێت بۆ شوێنی دیکەی جەستە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٩ دا هەمان دەزگا هۆشداریدا لە بەکارهێنانی ئەو ماددەیە دوای ئەو توێژینەوە مەیدانییەی ئەنجامیانداو بۆیان دەرکەوت ژەهری (بۆتۆلیۆم) کە لە بۆتۆکسدا هەیە، دەجوڵێت و دەگوازرێتەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکەی جەستە.

لە ئەمڕۆشدا توێژینەوەیەکی نوێی زانکۆی «ویسکونسۆن مادیسۆن» دوای چەند لێکۆڵینەوەیەک، ئەو بۆچونەی دەزگای خۆراک و دەرمانی ئەمریکی پشتڕاست دەکاتەوەو ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو ژەهرە لە نێو بۆتۆکسدا هەیە دەجوڵێت و دەچێت بۆ ئەندامەکانی دیکەی جەستە و دەبێتە هۆی دروستکردنی گرفتی تەندروستی، بۆیە باشترە مرۆڤەکان خۆیان لە بەکارهێنانی بۆتۆکس بەدوربگرن و بەکاری نەهێنن.

هەر بەپێی وتەی شارەزایان، ژنانی دوگیان و شیردەر و ئەو کەسانەی حاڵەتێکی تایبەتیان هەیە، نابێت بە هیچ شێوەیەک بۆتۆکس بەکار بهێنن، بەهۆی ئەو زیانەی بۆ سەر تەندروستی خۆیان و کۆرپەلە و کۆرپەکانیانەوە دەیبێت.

> ژەهری ناو بۆتۆکس دەچێت بۆ ئەندامەکانی تری جەستە

> ژنانی دوگیان و شیردەر نابێت بۆتۆکس بکەن

کۆمەڵێک کورتە زانیاری سەرنجڕاکێش لەبارەی شیرپەنجەوە

ژنانی باڵا بەرز ئەگەری توشبونیان بە شیرپەنجە زیاترە!

> ئەو ژنانەی کێشیان کەمە، کەمتر توشی شیرپەنجەی مەمک دەبن

> قژ سورەکان ئەگەری توشبونیان بە شیرپەنجەی پێست زیاترە

■ نەوژین

١. ژینگە و جگەرە و خۆراکی ناتەندروست و کەمخەوی و کەمجوڵەیی و قەڵەوی و تیشکە زیانبەخشەکان، ئەگەری توشبون بە شیرپەنجە زیاد دەکەن.

٢. لە نێوان ٥٪ بۆ ١٠٪ی هۆکاری شیرپەنجە بۆماوەییە و جینێک لە باوانەوە ئەگوێزرێتەوە بۆ توشبون.

٣. ئەوانەی کە لە شەوێکدا کەمتر لە ٦ کاتژمێر دەخەون، ئەگەری توشبونیان بە شیرپەنجەی قۆڵۆن زیاترە وەک لەو کەسانەی زیاتر دەخەون.

٤. نەخۆشی شیرپەنجە بە هیچ شێوەیەک لە کەسێکەوە ناگوێزرێتەوە بۆ کەسێکی تر، چونکە نەخۆشییەکی میکرۆبی نییە، بەڵکو تەنها تێکچون و لە کۆنترۆڵ دەرچونی خانەکانی لەشە لەکاتی دابەش بوندا.

٥. لە جیهاندا بە نزیکەیی لە هەر ٧٥ چرکەیەک ژنێک گیان لەدەست دەدات بەهۆی شیرپەنجەی مەمکەوە.

٦. لە ٧٧٪ی حاڵەتەکانی شیرپەنجە ئەو کەسانەن کە تەمەنیان سەروی ٥٥ ساڵن.

٧. توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستوە کە ئەو ژنانەی کێشیان کەمە و زۆر جوڵەن، کەمتر توشی شیرپەنجەی مەمک دەبن، تەنانەت ئەوانەشیان توش ئەبن ئەگەری چارەسەریان بەرزترە بە بەراورد بەوانەی کێشیان زۆرە و کەمجوڵەن.

٨. بە هەمو جۆرەکانیەوە، لە جیهاندا لە هەر رۆژێکدا نزیکەی ٢٠ هەزار کەس دەمرن بەهۆی شیرپەنجەوە.

٩. زیاتر لە ١٠٠ جۆر لە شیرپەنجە بونی هەیە لە هەمو لەشی مرۆڤدا.

١٠. توێژینەوە نوێیەکان ئەوەیان دەرخستوە کە بەکارهێنانی مەڵتی ڤیتامین (حەپی ڤیتامینی فرەجۆر) ئەگەری توشبون بە شیرپەنجە زیادەدەکات.

١١. ئەو ژنانانەی باڵایان بەرزترە، ئەگەری توشبونیان بە شیرپەنجە زیاترە بە بەراورد بەوانەی باڵایان کورترە.

١٢. فرۆکەوانەکان یان ئەو کەسانەی بە بەردەوامی گەشت ئەکەن، ئەگەری توشبونیان بە شیرپەنجەی پێست دو بەرامبەرە بەراورد بە کەسانی ئاسایی، چونکە زیاتر تیشکی سەروی وەنەوشەییان بەردەکەوێت لە بەرزایی ئاسمانەوە.

١٣. توێژینەوەکان دەریانخستوە، شەرابی سور خانە شیرپەنجەییەکان لەناو دەبات.

١٤. قژ سورەکان ئەگەری توشبونیان بە شیرپەنجەی پێست زیاترە بە بەراورد بە کەسانی تر.

١٥. لە ٤٪ ی هۆکاری شیرپەنجە، بەهۆی زۆر خواردنەوەی کحولە.

١٦. تەنها بە دور کەوتنەوە لە خواردنی ناتەدروست وکێش دابەزاندن و رۆژی ٢٠ خولەک وەرزش، ئەگەری توشبون بە شیرپەنجەت لەسەر کەم دەبێتەوە بە ڕێژەی ٤٢٪.

١٧. کۆمەڵێک توێژینەوە ئەوەیان پشتڕاستکردوەتەوە ئەگەر ئاوی ئاڵتون لە ڕێگەی دەرزییەوە لە کەسێک بدرێت، ڕێگری دەکات لە توشبون بە شیرپەنجە.

ئامادەکردنی: چالاک محێدین

ئەو ژنە نوسەرەی گۆگڵ لۆگۆی بۆ تەرخان کردبو

■ نەوژین

لە ساڵرۆژی لەدایکبونی دا، وێبسایتی گەڕانی جیهانی «گۆگڵ» لۆگۆی سایتەکەی بۆ ژنە نوسەری جەزائیری (ئاسیا جەبار) تەرخان کردوە، لەم بابەتەدا کورتەیەک لە ژیانی دەخەینە ڕو.

ئاسیا جەبار، ژنە ئەکادیمی، نوسەر، ڕۆماننوس و دەرهێنەری سینەمایی خەڵکی جەزائیرە. زۆرینەی بەرهەمەکانی تاوتوێی کێشەو پرسەکانی پەیوەندیدار بە ژنانەوە دەکات.

ئەو بەیەکێک لە بەناوبانگترین ژنانی ڕۆماننوس لە جەزائیرو و باکوری ئەفریقیا هەژمار دەکرێت، لە ساڵی ٢٠٠٥ وەکو ئەندامی ئەکادیمیای زمانی فەرەنسی هەڵبژێردرا کە باڵاترین دەزگای فەرەنسییە کە گرنگی بە کەلتوری زمانی فەرەنسی دەدات، بەمەش دەبێتە یەکەم کەس لە جەزائیر و باکوری ئەفریقیا، ئەو پۆستەی پێدەدرێت.

ئاسیا لە ٣٠ی تەموزی ١٩٣٦ لە جەزائیر لەدایکبوە و لە ٦ی شوباتی ٢٠١٥ لە فەرەنسا کۆچی دوایی کردوە.

سەرچاوە: ویکیپیدیا

دەربارەی نەوژین

نەوژین، ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆی تایبەتمەندە بە پرسەکانی ژنان، مانگانە لەلایەن ڕادیۆی دەنگ لە گەرمیان بڵاودەکرێتەوە.
یەکەم ژمارەی لە کانونی یەکەمی ٢٠١٦ دا دەرچوە.

ڕادیۆی دەنگ، پرۆژەیەکی میدیایی سەربەخۆیە لە ناوچەی گەرمیان، لە (٢٠١٠)ەوە بە پەخشی ڕادیۆیەکی لۆکاڵی دەستی پێکردوەو پاشان وێبسایتێکی داناوە.
ڕۆژنامەی (نەوژین) یەکێکە لە چالاکیەکانی پرۆژەی ڕادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) ئەمریکی.
ڕۆژنامەنوسانی ئەم ڕۆژنامەیە، ژمارەیەک کچن کەپێشتر خولی ڕاهێنانیان لەلایەن ڕادیۆی دەنگەوە بۆ ئەنجامدراوەو زۆرینەیان پێشتر کاری ڕۆژنامەوانییان نەکردوە.
بۆ پەیوەندیکردن بە ڕۆژنامەکەوە
تەلەفۆن:
٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
ئیمەیڵ:
nawzhinnewspaper@gmail.com
فەیسبوک:
nawzhinnewspaper
دەتوانن لەماڵپەڕی ڕادیۆی دەنگ کۆپی ئیلیکترۆنی ژمارەکانی ڕۆژنامەکە ببینن
www.radiodang.org

سانیا کەریمی:
کار لەو بابەتانە دەکەم کە پەیوەندی بەژیانی خەڵکەوە هەیە

■ نەوژین، ڕێناس سالّح

لە وەرزی چوارەمی پێشبڕکێی ڕۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ کە ڕادیۆی دەنگ سالّانە بە پالّپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) ئەمریکی ئەنجامی دەدات، کچە ڕۆژنامەنوس (سانیا کەریمی)، توانی خەلّاتی دوەمی پێشبڕکێکە بەدەستبێنێت.

لە دیدارێکی (نەوژین) دا، ئەو کچە ڕۆژنامەنوسە باس لە ئەزمونی کارکردنی خۆی و ئەو هیوا و خەونانە دەکات کە هەیبوە، هەروەک باس لە وێستگەکانی کارکردنی لە ڕاگەیاندن و ئالەنگاریەکانی بەردەمیشی دەکات.

سانیا حەسەن عەبدوڵلا کەریم، ناسراو بە (سانیا کەریمی)، لە ١٩٩٩/١/٣ لە خێزانێکی ڕۆژهەلّاتی کوردستان لە دایکبوە، ئێستا لە سلێمانی نیشتەجێن، وەک هەر خوێندکارێک دوای تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی، ئارەزوی لە بەشێکی دیاریکراو هەبوە، بەلّام ناتوانێت پێبگات، وەکخۆی دەلّێت: بەوهۆیەوە بەدوای خەونی دوەمی ڕۆشتوە کە کارکردن بوە لە بواری ڕاگەیاندن دا.

سانیا کەریمی، بۆ بەدیهێنانی خەونەکەی لە بواری ڕاگەیاندن، دەچێتە بەشی ڕاگەیاندن لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی و ئەو بەشە بە پلەی یەکەم تەواو دەکات، بۆ بەرزکردنەوەی بڕوانامەکەی ڕو لە کۆلێژی ڕاگەیاندن دەکات و ئێستا بەردەوامە لە خوێندن.

لەبارەی یەکەم دەرکەوتنی لە ڕاگەیاندن دا، وتی: یەکەم ئەزمونی کارکردنم لە بواری ڕاگەیاندن لە ڕادیۆوە دەستپێکرد کە سێ مانگ تێیدا بەردەوام بوم، هەروەها یەکەمین دەرکەوتنم لە کەناڵی ڕاگەیاندن و تیڤی و لە کەناڵی (KNN) بو بە هاوکاری هاوکارانم لەو کەناڵە و بەڕێوبەرەکەم، توانیم بەردەوام بم و پێبگەم.

«کەناڵی (KNN) یەکەمین ئەزمون و یەکەمین وێستگەی سەرکەوتنی من بوە لە بواری میدیا». (سانیا) وای وت.

ئەو لە ڕاپۆرتەکانیدا زیاتر گرنگی بە بابەتەکانی: کۆمەڵایەتی، مافەکانی مرۆڤ و مافی منالّان داوە، لەو ڕەوشەوە بەدواداچونی بنکۆڵکاری کردوە.

« یەکەمین ڕاپۆرتی مەیدانیم لە ٢٠١٩/٥/١٦ تایبەت بو بە زیادبونی ڕێژەی منالّانی ئیشکەر، دوای ئەوە ڕۆژانە بەردەوام دەمویست بگەم بەو بابەتانەی پەیوەندی بە ڕاستەوخۆی بەژیانی خەڵکەوە هەیە و جێگەی قسەو باسن».

ئامازە بەوەش دەکات کە خۆشەویستیەکی تایبەتی بۆ ڕاپۆرتەکانی هەبوە «هەمیشە ڕاپۆرتەکانم جیاواز بو، لەبەر ئەوەی زۆر زۆرم خۆشدەویستن، زۆر خۆم بۆ ماندو دەکردن، چەندینجار دامدەڕێژایەوە، بەڕێوبەرەکەشم زۆر هاوکارم بو، هەم هاوڕێم بو، هەم هاوکار و مامۆستا».

لەبارەی ئەو ئالەنگاری و ڕێگریانەی بۆی هاتۆتەپێش لەماوەی کارکردنی دا، دەلّێت: ئاستەنگی هەر دێتە ڕێگەی هەمو کارێک، بەلّام گرنگە چۆن تێیببەڕێنین.

«زۆر جار کاری پەیامنێری بە ئاسانی سەیر دەکرێت، بەلّام تاوەکو نەچینە ناو کارەکەوە، هەست بە ماندوێتیەکەی ناکەین، بەلّێ ئاستەنگم بۆ هاتوەتە پێش، بەلّام خۆشەویستی بۆ پیشەکەم و ئەو متمانەیەی کە پێمدرابو، وای کرد زاڵبم بەسەریاندا».

ئەو ڕاپۆرتەی کە (سانیا) بەشداریی پێشبڕکێی ڕۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤی پێکردبو، تایبەت بو بە کۆژانی ئەو کەسانەی سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرکراوە لە هەرێمی کوردستان، بەلّام بەهۆی ئەوەی سزاکە کاری پێناکرێت، دۆسیەی ئەوانیش بە مۆلەقی دەمێنێتەوە.

دەربارەی بیرۆکەی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک لەوبارەیەوە، (سانیا) وتی:

> ئاستەنگم هاتوەتە پێش بەلّام خۆشەویستی پیشەکەم وای کرد زاڵبم بەسەریاندا

«بۆ ڕاپۆرتێک سەردانی یەکێک لە زیندانەکانی هەرێمم کرد، کەسێک لەوێ هاوکارم بو، بیرۆکەی ئەو کارەی لەگەڵ باسکردم، هەفتەیەکم ویست بۆ تەواوکردنی ڕاپۆرتەکە».

سەبارەت بە بەشداریکردنەکەشی لە پێشبڕکێی ڕۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ و بەدەستهێنای پلەی دوەم، وتی: «دڵنیا بوم لە گرنگی و تایبەتی ڕاپۆرتەکە، سوپاس بۆ خوا کە توانیم پلەی دوەم بەدەست بێنم، ئەمە بۆ هەمیشە جێگەی شانازیە بۆ من».

هەمیشە کارکردن لە بواری ڕاگەیاندن دا، بۆ ژنان ئالەنگاریی زیاترە وەک لە پیاوان، بەلّام لەلای (سانیا) بەهۆی پالّپشتی خێزانەکەیەوە، ڕەوشەکە جیاواز بوە «ئەوەی دەیکەم و ئەوەی دەمەوێت پێی بگەم لە خزمەتی خێزانەکەم دایە کە بەردەوام پشتیوانی یەکەمی منن».

ئەم پشتیوانیە خێزانەکەیشی جەختی لێدەکەنەوە.

خورشیدە عەلی نادری، دایکی سانیا، بۆ (نەوژین) بەم شێوەیە باسی کارکردنی کچەکەی لە ڕاگەیاندن دا کرد: « (سانیا) کچە بچوکمە، کە ویستی بچێتە ڕاگەیاند بخوێنێت هیچ ڕێگریەکمان لێنەکرد، دواتریش کە بوە پەیامنێر یەکەم ڕاپۆرتی بۆ کردینە سوپرایز، هاتەوە بۆ ماڵەوە و وتی: دایکە.. باوکە ئەم شەو فلّان کاتژمێر سەیری تەلەفزیۆن بکەن من دەبینن، ئەمە بۆ ئێمە زۆر دڵخۆشکەر بو، تەنانەت بردنەوەی خەلّاتەکەشی بۆ کردین بە سوپرایز».

حەسەن عبدوڵلا کەریم، باوکی (سانیا)، هاوشێوەی هاوسەرەکەی، دڵخۆشە بەم سەرکەوتنەی کچەکەی و وەکخۆی دەلّێت: «هەمیشە شانازیم بە منالّەکانمەوە کردوە».

> خێزانەکەم بەردەوام پشتیوانی یەکەمی منن

ئەو باس لەهەستی خۆی دەکات کە بۆ یەکەمجار (سانیا)ی بینیوە کە لە تەلەفزیۆن دەرکەوتوە «ئەو کاتەی بۆ یەکەمجار لەسەر شاشە (سانیا) دەرکەوت، هەستێکی زۆر خۆش و تایبەتم هەبو کە ڕەنگە تەعبیرلێکردنی ئاسان نەبێت».

نەک هەر خێزانەکەی، بەڵکو هاوڕێکانیشی لە کاردا، گەواهی بۆ (سانیا) دەدەن و باس لە بەتوانایی ئەو دەکەن لە کارکردن دا.

هەڵۆ ئەبوبەکر، بەڕێوبەری بەشی پەیامنێران لە کەناڵی (KNN)، وتی: «سانیا هەر کە هاتە لامان، هیوای ئەوەی تیابو کە بگاتە ئاستێکی بەرز، چونکە توانا و تاقەتی باشی بۆ کارەکەی هەبو، لە پێش هەموشتێکیشەوە حەزی تەواوی بۆ کارەکەی هەبو».

وتیشی: «لە دونیای کاری میدیای و ڕاگەیاندن دا دو جۆر ئافرەت هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە دەیەوێت تەنها دەربکەوێت و ئیشێکی ڕوکەش دەکات و کارێک بۆ خۆی دەدۆزێتەوە، بەلّام دوەم جۆری ئەوانەن هاوشێوەی (سانیا) کاری بنکۆڵکاری و جیدی دەکەن، کە ئەمەش ئاسان نیە بۆ ئەوان». باس لەوەشدەکات لەبەر ئەوەی ئافرەت بوە، زۆرجار ڕێگری و ئالەنگاری زیاتر بۆ کارەکەی هاتوەتە پێش، بەلّام وەکخۆی وتی: هیچ کات ئەوانە نەیان دەوەستاند.

هەڵۆ ئەبوبەکر، پێشیوایە وەگرتنی خەلّاتی پێشبڕکێی ڕۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ بۆ (سانیا) لە جێی خۆیدا بوە، دەشڵێت: «هیچ دودڵ نیم کە داهاتویەکی گەش و پرشنگداری دەبێت و لە بواری ڕاگەیاندن دا جێ پەنجەی دەنەخشێنێت، ئەوەی ئەو کردویەتی تائێستا، تەنها سەرەتایە».